Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/١٠,٢٤٢٧١/ARAN.٢٠٢٥,٠١-٠١-٢١

# کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا

## (توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراوە لە نامەی ماستەر)

**سامان کریم حمەصالح[١]،کریم احمد عزیز[٢]، احمد محمد ناصر[٣]**

١- بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – العراق
٢- بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – العراق
٣- بەشی مێژوو، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – العراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, ٢٠٢٥ |
| **Accepted:** | July, ٢٠٢٥ |
| **Published:** | August , ٢٠٢٥ |

**Keywords**

( کارایی، ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان، دەستکەوتی خوێندن، پاڵنەری فێربوون)

**Corresponding Author**

Samanjaff٢٢٢@gmail.com
Karem.ahmad@garmian.edu.Krd
Ahmed.nsir@garmian.edu.Krd

**پوختە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی (کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا)، توێژەر پشتی بەدیزاینی نیمچە ئەزموونی بۆ دوو گرووپی هاوسەنگ بەست، گرووپی ئەزموونی بەپێی ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان و گروپی کۆنترۆڵکراو بەرێگای ئاسایی هەمان بابەتی وانەیان پێ دەوترایەوە، بەدوو تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ گۆڕاوی پاشکۆی پاڵنەری فێربوون، وە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندن.
بۆ دەست نیشانکردنی نموونەی توێژینەوە، توێژەر بەمەبەست (قوتابخانەی زانیاری بنەڕەتی) هەڵبژارد کە لەدوو گرووپ پێکهاتبوو، نموونەی توێژینەوەکە (٤٣) خوێندکار بوو هۆبەی (أ) بوو بەئەزموونی کە (٢١) خوێندکار بوو هۆبەی (ب) بوو بەکۆنترۆڵکراو کەژمارەیان (٢٢) خوێندکار بوو، پاشان هاوسەنگی لەنێوان هەردوو گرووپەکەدا کرد لەگۆڕاوەکاندا .توێژەر بۆ دیاریکردنی بابەتی خوێندن لەماوەی ئەزموونیدا، سێ بەند لەپەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵبژارد، لەپێناو دارشتنی ئامانجەکانی توێژینەوەو بەپێی ناوەڕۆکی بابەتەکە (١٣٢) ئامانجی دارشت لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی بلۆم بۆ چوار ئاست، پاشان ئامادەکردنی پلان بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوە، دواتر توێژەر هەست بەئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەك لەسەر دەستکەوتی خوێندن کەپێکهاتبوو لەسەر (٣٠) برگەی تاقیکردنەوە لەجۆری (هەڵبژاردن و گوتاری) بەپێی دروستکردنی نەخشەی تاقیکردنەوە. هەروەها ئامادەکردنی پێوەرێك بۆ گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەپێکهاتبوو لە (٣٢) برگە، بۆ دڵنیابوون لەڕاستیەتی ئامرازەکان خرایە بەردەست کۆمەڵێك لەشارەزایان و پسپۆران، وە بۆ جێگیری ئامرازەکان شێوازی تاقیکردنەوەی دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا، پاشان بەبەکارهینانی تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ ئامادەکردنی داتاکانی توێژینەوەکە توێژەر پشتی بەست بەبەرنامەی (Spss٣٠) بۆ شیتەڵکردنی ئاماری، بەخستنەرووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەکەوێت کەجیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندە ژمێری و نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو لەتاقیکردنەوەی پێوەری پاڵنەری فێربوون وتاقیکردنەوەی دەستەکەوتی خوێندن لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەبەرژەوەندی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونیدایە.

## پێشەکی:

بابەتی پەروەردە واخەریکە جیهانگیر دەبێت، ئەمڕۆ کارامەیی سەرەتایی سەرنجی گەلان وحکومەتەکانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە ، هەموومان هەوڵدەدەین بۆ باشترکردنی کارامەیی سەرەتایی و فێربوون تاکو ئەو جێگایەی کە دەتوانرێت داهێنەرانە سەرکەوتووبن. یەکێك لە نمونەکانی ئەم پێشکەوتن و جیهانگیرییە ئەو تاقیکردنەوانەن کە ساڵانەو بەشێوەیەکی گشتگیر لە هەموو بەشەکانی جیهان ئەنجام دەدرێت مەبەستیان پشکنینی ئاستی گەیشتن بەئامانجە پێشوەختە دیاریکراوەکانی سیستەمی پەروەردەی وڵاتانی جیاوازە، لەم پێشەکیەدا ئەوە ڕووندەکەینەوە هەموو خوێندکاران ئارەزوودەکەن پێشکەوتنی خۆیان لە بابەتە جیاوازەکاندا بزانن. تاچەند توانیوویانە لە ماوەی دیاریکراودا ئامانجە خوازراوەکانیان بەدیبهێنن، دەتوانرێت بەهاوکاری لە هەندێك شێواز تێبگەین.لە نێو ئەم شێوازانەدا بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی دەستەکەوتی خوێندن و هەروەها کارایی ستراتیجە نوێکانی وانەگوتنەوەیە. لە سوودەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت داتی ورد لەسەر ئەدای ئەکادیمی خوێندکاران دەدەن و یارمەتیدەرن بۆ پەرەپێدان و گونجاندنی پرۆگرامەکە بۆ ئەوەی گونجاوتر و بەسوودتربێت بۆ خوێندکاران، یارمەتی دەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سیستەمی پەروەردەیی جیاواز و باشترکردنیان. هەڵسەنگاندنی ئەدای پیشەیی مامۆستایان، جیاکردنەوەی ئەو مامۆستایانەی کە ئەرکەکانیان بەتەواوی جێبەجێ دەکەنو ئەوانی دیکە کە هێشتا پێویستیان بە پەرەپێدانی تواناکانیان و قووڵکردنەوەی ئەزموونەکانیان هەیە. بەکارهێنانی شێوازی جیاوازی هەڵسەنگاندن بۆ دیاریکردنی وردی ئاستی بەشداری خوێندکاران لە پرۆگرامی خوێندندا. ئەنجام و شیکارییەکان هاندەرێکە بۆ هەموو ئەندامانی سیستەمی پەروەردەیی بۆ باشترکردنی ژینگەی پەروەردەیی.

## ١-١ کێشەی توێژینەوە Problem Of The Research

وانەگووتنەوە بەرێگە کلاسیکییەکان ناگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زۆربوونی زانیاری هەر بۆ ئەم مەبەستە زۆر پێویستە مامۆستا و لایەنە پەروەردەییەکان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خوێندکاراندا هەیە شارەزای ستراتیجییە نوێکانی بواری وانەگوتنەوە بن، توانای جێبەجێکردنیان هەبێت بۆ پەرەپێدانی تواناکانی خوێندکاران و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوونیان، لەناو ئەو ستراتیجیانەشدا ستراتیجیەتی چیلکەچلوورەییەکان، کە تیایدا خوێندکاران بەشداری چالاکانە دەکەن بەشێوەی چەند گرووپێك، ئەمەش دەبێتە سەرەتاییەك بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون (ئیبراهیم،٢٠١٢،)

ئەو ستراتیجیەتە گرنگانەی کە لەکۆندا جێگەی بایەخی مامۆستایان بوو بەشێوەیەکی زۆر بەکاردەهات لەهۆڵەکانی خوێندن بۆ ئەوە بوو زۆرترین زانیاری بگەیەنرێتە خوێندکاران لەکەمترین کاتدا، کە ئەمەش وای دەکرد مامۆستا ببێتە سەرچاوەی زانیاری و ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبێت، لەبەرامبەردا خوێندکار ڕۆڵی نەرێنی و چالاکی ئەنجام نادات. (عزیز،٢٠١٤، ل٢١-٢٢).

توێژەر لەگەڕان بەدوای ئەو توێژینەوانەی کە باس لەم کێشەیە دەکەن، بەتایبەت ئەو توێژینەوانەی کە بەئەزموونی و ستراتیجیەتی نوێیان کردووە، چەندین توێژینەوەی دەستکەوت لەشوێنە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کە بەڵگەن بۆ پەیرەونەکردنی ڕێگا و ستراتیجییە نوێکانی وانەگوتنەوە وەك توێژینەوەکانی (کەنعان،٢٠٢٣، هەڵۆ،٢٠٢٢، شێرزاد،٢٠١٦، حەمەقازی،٢٠١٦، کەریم،٢٠١٤، محمد،٢٠١٥) چەندانی تریش. ئینجا هەروەها توێژەر بۆ دڵنیابون لەهەبوون و هەستکردن بەم کێشەیە بەشێوەی هەرەمەکی سەردانی چەندین قوتابخانەیەکی سنوری قەزای کەلار و شارەدێ و گوندەکان و دەوروبەری کردووە، ئەم کێشەیە بەزەقی و سەرەکی بەدیکردووە لەقوتابخانەکانی سنوری پەروەردەیی کەلار، بەتایبەت کاتێك پرسیار لەمامۆستایانی بابەت کۆمەڵایەتییەکان، خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی دەکات زیاتر ئەمەی بۆ روون

بوویەوە، هەروەها کاتێك توێژەر ئامادەی وانەگوتنەوەی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بووە، بۆ زیاتر دڵنیابوونەوە لەکێشەکە، توێژەر دوو فۆرمی ڕاوەرگری نیمچەکراوەی ئامادەکرد، لەشێوەی چەند پرسیارێك سەبارەت بەشارەزابوونی مامۆستایان لەستراتیجیە نوێیەکانی فێربوونی کارا و گۆڕانکارییەکان لەوانەگوتنەوە و کێشەی پاڵنەری فێربوون و دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، پاشکۆی (١و٢)، توێژەر فۆرمی ڕاوەرگرییەکەی دابەشکرد بەسەر نموونەیەکی هەرەمی لەسەر مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، کە ژمارەیان (٢١) مامۆستا بوو کە خزمەتیان لەهەشت ساڵ کەمتر نەبوو لەسنوری قوتابخانەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیی کەلار، پاش شیکردنەوەی داتاکان دەرکەوت وەڵامی مامۆستایان بەشێوەیەی خوارەوە بوو:

- بەرێژەی ٩٠% مامۆستایان زانیاریان لەسەر ستراتیجییەکانی فێربوونی چالاك نییە، لەنێویاندا ستراتیجی چیلکەچلوورەییەکان. بەزۆرینە ستراتیجیە نوێیەکانی وانەگوتنەوە بەکارناهێنن.
- بەرێژەی ١٠٠% دەرکەوت کە سەرجەم مامۆستایان جەخت لەوە دەکەنەوە کە کێشە هەیە لەئاستی دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکاران ،

دەتوانین کێشەی ئەم توێژینەوەیە زۆر بەکورتی دیاری بکەین بەوەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارەی خوارەوە:

١) ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی چیلکەچلوورییەکان کارایی دەبێت لەسەر زیادکردنی دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی؟

٢) ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی چیلکەچلوورەییەکان کارایی دەبێت لەسەر گەشەکردنی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان؟

## ١-٢ گرنگی توێژینەوە Important Of The Research

سەرەتایی ئەم سەدەییە تا هەنووکەی جیهان هەنگاوێکی گرنگی نا لەسەرجەم بوارەکانی ژیان، ئەو هەنگاوە بەشێوەیەکە کە ڕۆژانە داهێنانی جۆراو جۆر لەبوارە جیاوازەکاندا دەبینرێت، لەبواری پەروەردەش لەو داهێنان و گۆڕانکارییانە بەدەر نییە، هەر ئەمەش لەسەر کۆمەڵگەکانی پێویست کردووە سیستەمێکی پەروەردەیی نوێ و گونجاو پەیرەو بکەن کە هاوشانی ئەو گۆڕانکارییانە بێت. بۆیە دەوڵەتانی پێشکەوتوو لەپێشبڕکێدان گەشە بەسیستەمی پەروەردەییان بدەن بەشێوەیەکی گشتگیر کە سەرجەم پێکهێنەرەکانی پەروەردە لەخۆ بگرێت.(محمد،٢٠٢٢، ل٣)، سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە لەسەر کۆمەڵێك ڕەگەز و پێکهێنەر وەستاوە، وەك پرۆگرامێکی خوێندنی شیاو، ئامرازی فێرکاری نوێ. وانەگەوتنەوەیەکی سەردەمیانە و بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتوو، قوتابخانەی شیاو، لەو پێکهێنەرانەن کە ڕۆڵی بەرچاو دەبینن لەسەرخستنی پەروەردە. (سیوەیلی،٢٠٠٧، ل٥).

ستراتیجیە نوێیەکانی وانەگوتنەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت خوێندکار تەوەری سەرەکی چەقی چالاکییەکان بێت، لەپرۆسەی فێربووندا، ئەگەرنا وانەگوتنەوە نابێتە پرۆسەیەکی کار و بەرهەمهێنەرو ئامانجە خوازراوەکان لەئاستی ویستراودا بەدەست ناهێنێت، بۆیە باشتر وایە مامۆستا ئەو ستراتیجیەت و ڕێگا و شێوازانەی لەناو پۆلدا دەیگرێتە بەر خوێندکار تیایاندا کارا بێت و ڕۆڵی چالاك بگێڕێت. (محمد، ٢٠٢٢، ل١)،

هەروەها گرنگی فێربوونی چالاکی لەڕێگەی زیادبوونی کارلێکردنی خوێندکاران لەناو پۆل دەردەکەوێت بیرکردنەوەیان گەشە دەکات، هەروەها لەیاد مانەوەی مەعریفی زیاد دەکات، ئاراستەی ئەرێنی لای خوێندکاران بەرەو بابەتی فێرکردن گەشە پێدەدات و سەرنجدانی خوێندکاران زیاد دەکات لەسەر بابەتی وانەکە، دەبێتەهۆی زیادبوونی متمانە لەنێوان خوێندکاران و مامۆستایان، هاوکات لەفێربوونی چالاکدا دەستکەوتی خوێندکار زیاد دەکات.(رزوقی واخرون،٢٠١٣،ل١)

توێژەر پێی وایە، ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان لەبەر ئەوەی زۆربەی هەستەوەرەکانی خوێندکار تیاید بەشدار دەبن، دۆخێکی چێژبەخش دەرخسێنێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ هاو گرووپەکانی کارا پێکەوە فێر دەبن لەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەیان دەکرێت و پێشبڕکێ لەنێوان گرووپەکان دروست دەبێت بۆ بەدەست هێنانی خاڵ، ئەم ستراتیجییە جووڵەی زۆری تێدایە خوێندکاریش لەم تەمەنەدا حەزو ئارەزووی بۆ جووڵەیە، ئەمەش وادەکات پاڵنەری زۆری بۆ فێربوون هەبێت، چونکە یارمەتی خوێندکار دەدات کەزانیارییەکان باشتر جێگیربێت لەیادەوەری درێژخایەنیداو یارمەتیدانی لەگەشەکردنی بیرکردنەوە و پرۆسە فێرکارییەکاندا، چونکە خوێندکار تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوونە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوانەی سەرەوە دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە بخەینەڕوو لەو خاڵانەی خوارەوە:

١- سوودی دەبێت بۆ مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە بەم ستراتیجیەتە وە لەهەمان کاتدا گونجاوە بۆ وانەگوتنەوەی بابەتەکانی تر، ئەگەر لەئەنجامی توێژینەوەکەدا سەلمێنرا.

٢- پێشبینی دەکرێت ئەم ستراتیجیەتە وا لەخوێندکار بکات پاڵنەری فێربوونی زیاد بکات.

٣- پێشبینی دەکرێت ئەم ستراتیجیەتە وا لەخوێندکار بکات دەستکەوتی خوێندنی زیاد بکات.

٤- توێژەر لەو بڕوایەدایە ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی کارایی بەکارهێنانی ستراتیجیەتی (چیلکەچلوورەییەکان) لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە یەکەمین توێژینەوە لەهەرێمی کوردستان کەبەزمانی کوردی نووسرابێت.

٥- بەسوودە بۆ توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا، وە بەشداری توێژینەوەکانی داهاتوو دەکات، بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێت وەك گۆڕاوی سەربەخۆ و کاریگەری و کارایی بسەلمێنێت لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکەکانی دیکە.

٦- ڕاهێنانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەسەنتەرکردنی خوێندکاران کە ببنە تەوەری سەرەکی لەوانەگوتنەوەکەدا کە لەئێستادا یەکێکە لەستانداردکردنی مامۆستایان لەوەزارەتی پەروەردە.

## ١-٣ ئامانجی توێژینەوە Objectives Of The Research

- زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیجیەتی (چیلکەچلوورەییەکان) لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان – مێژوو.
- زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیجیەتی (چیلکەچلوورەییەکان) لەوانە گوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی (پاڵنەری فێربوونیان بەرەو بابەتی خوێندن).

## ١-٤ گریمانەی توێژینەوە Hy Potheses Of The Research

- جیاوازی بەڵگداری ئاماری نییە لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندە نمرەی دەستکەوتی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی کە بە (ستراتیجی چیلکەچلوورەییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی دەستکەوتی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بەستراتیجی ئاسایی بە هەمان بابەت وانەیان پێدەوترێتەوە لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

- جیاوازی بەڵگداری ئاماری نییە لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠,٥) لەنێوان ناوەندە نمرەی دەستکەوتی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی کە بە (ستراتیجی چیلکەچلوورەییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی دەستکەوتی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بەستراتیجی ئاسایی بە هەمان بابەت وانەیان پێدەوترێتەوە لەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی پاڵنەری فێربوون بۆ بابەتی خوێندن.

## ١-٥ سنوری توێژینەوە Limitation Of The Research

- سنوری مرۆیی: خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەقوتابخانە بنەڕەتییەکانی سنوری پەروەردەی کەلار.
- سنوری بابەت: بەندەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) لەپەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان – مێژوو چاپی حەڤدەیەم ساڵی (٢٠٢٣).
- سنوری شوێن: قوتابخانەی زانیاری بنەڕەتی لەشاردەڕێی باوەنور لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار.
- سنوری کات: وەرزی یەکەم ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

## ١-٦ پێناسەی زاراوەکان Determination Of The Research

### ١-٦-١ کارایی Effectiveness

- (الجبوری، ٢٠٠٧) بریتیە لە ئەو کاریگەرییەی کە وانەوتنەوە دروستی دەکات لەسەر خوێندکاران لەدەرئەنجامەکانی خوێندنیان. (الجبوری، ٢٠٠٧، ١٤)
- (عزیز، ٢٠١٩) بریتیە لە "زانینی ڕادەی کاریگەری ستراتیجیەکانی فێرکاری لەسەر ئەنجامەکانی خوێندکاران لەتاقیکردنەوەکانی بەکارهاتوو" (عزیز، ٢٠١٩، ل١٣).
- پێناسەی ڕێکاری توێژەر: بری کاریگەری چاوەڕوانکراوە لەبەکارهێنانی ستراتیجیەتی چیلکەچلوورەییەکان (گۆڕاوی سەربەخۆ) لەسەر هەردوو گۆڕاوی پاشکۆ، دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوونیان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان – مێژوو.

### ١-٦-٢ ستراتیج Strategy

- (علی، ٢٠١٠) کۆمەڵێك ڕێکاری وانەگوتنەوەیە کە مامۆستا هەڵیدەبژێرێت، پلانی هەیە لەکاتی وانەگوتنەوەدا بەکاری بهێنێت، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە پێشکەوتووەکانی فێرکردن بەزۆرترین کاریگەری. (علی، ٢٠١٠، ل٨٤).
- (قادر، ٢٠١٤) بریتیە لەدانانی نەخشە ڕێگا و بەکارهێنانی هۆکار و ئامرازی گونجاو بۆ گەیشتن بەئامانجێکی دیاریکراو، بەکەمترین کات و هەوڵ و تێچوون. (قادر، ٢٠١٤، ل٤٣).

### ١-٦-٣ چیلکە چلوورەییەکان:

- (حمید، ٢٠٢١) بریتیە لەکۆمەڵێك ڕێگای وانەگوتنەوەی دیاریکراو لەسێ هەنگاو پێکهاتووە، مامۆستا لەهەڵوێستی فێرکردن پەیڕەویان دەکات، هەروەها لەسەر بنەمای دیاریکردنی چەمك و شیکارکردنی و فێربوون و پێوانەی بەدەست هێنان دادەمەزرێت، ئامانج ڕەخساندنی ژینگەیەکی فێرکردنی چێژبەخش و سەرنج ڕاکێشە. (حمید، ٢٠٢١، ٣٧٩)
- (بەراکات، ٢٠٠٢) کۆمەڵێك چیلکەچلوورەییە کەناوی هەموو خوێندکارانی ناو پۆلەکەی لەسەر نووسراوە بەهەڵبژاردنی هەڕەمەکی ناوی خوێندکارێك هەڵدەبژێرێت و مامۆستا پرسیار لەخوێندکارەکان دەکات دەربارەی بابەتەکە، یەکێکە لەستراتیجیەکانی فێربوونی چالاك. پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی خوێندکاران بەشداری بکەن لەگفتوگۆی پۆلدا بەشێوەیەکی چالاکانە گوێبگرن، ئەم ستراتیجییە بەتایبەتی گونجاوە بۆ پرسیارە کراوەکان کە خوێندکاران سەرنجی خۆیان چڕبکەنەوە بۆ ئەوەی بۆچوونەکانیان لەسەر بابەتی وانەکە هاوبەشی بکەن. (بەراکات، ٢٠٠٢).
- پێناسەی ڕێکاری توێژەر: یەکێکە لەستراتیجییەکانی فێربوونی چالاك کۆمەڵێك هەنگاو و ڕێکار لەخۆ دەگرێت کە ڕێکخراوە یەك لەدوای یەك کە توێژەر لەگەڵ خوێندکاری گرووپی ئەزموونی بەکاری هێناوە، ستراتیجێکە کە دەبێتەهۆی پاڵنەری خوێندکاران و پاراستنی تەرکیز و سەرنجیان لەبەرزترین ئاستەکاندا، هەروەها گونجاوە بۆ ئاستی تەمەنی جیاواز. سەرجەم خوێندکارانی بەشداری چالاکانە دەکەن لەوانەکەدا.

### ١-٦-٤ پاڵنەری فێربوون (دافعە التعلم) Learning Motivation

- (سعید، ٢٠١٥) دۆخێکی ناوخۆییە و وا لەخوێندکار دەکات بیرکردنەوەکانی بجوڵێت و پاڵی پێوە دەنێت و گرنگی بەدۆخی فێربوون بدات و کارامەییەکانی پەیوەندیدار ئەنجام بدات، هەروەها بەردەوام بێت لەئەنجامدانی ئەوکارامەییانە تاوەکو فێربوون بەدەست دەهێنێت. (سعید، ٢٠١٥، ١٢٦)
- پێناسەی ڕێکاری توێژەر: بریتیە لەو نمرەیەی کە خوێندکارانی نموونەیی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لەئەنجامی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری پاڵنەری فێربوون بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-مێژوو، کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بەمەبەستی ئەم توێژینەوەیە.

## ٢-١ چوارچێوەی تیۆری (الاطار نضریە) theoretical background

### ٢-١-٢ ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان

### ٢-١-٢-١ چەمکی ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان

ئەو ستراتیجەیە کە زانا (بارتلی) دۆزییەوە، ئەو ستراتیجەیە بەجۆش و چێژو ڕاکێشانی سەرنجی خوێندکارانی بە بەرزترین ئاست دانراوە، ستراتیجێکی گونجاوە بۆ ئاستی تەمەنی خوێندکارانی بنەڕەتی، بەشداریکردنی کارا بۆ سەرجەم خوێندکاران دەڕەخسێنێت، هەروەها هۆکارێکی پاڵنەرییە بۆ خوێندکاران و مانەوەیان لەسەرنجدان، هەروەها گونجاوە بۆ پرسیاری کراوە. (الساعدی، ٢٠٢٠، ١٥٠)
(بارتلی، ٢٠١٨) ستراتیجێکی پەروەردەیی فێربوونی چالاکە کەئامانجی ڕاکێشانی سەرنجی خوێندکارانەو زیاتر سەرنجیان لەسەر وانەکە بێت و گونجاوە بۆ ئاستەکانی سەرەتایی و ناوەندی، بەکارهێنانیشی.پەیوەستە بەکۆمەڵێك چیلکەی چلووریی کە یەکسانە بەژمارەی خوێندکاران و بیرۆکەی وێنەکێشانی هەرەمەکی لەنێو تایبەتمەندییەکانیدا هاندانی خوێندکارانە بۆ گوێگرتن و بەشداریکردن لەگفتوگۆکانی پۆلداو گونجاوە بۆ پرسیارە کراوەکان، کەخوێندکار سەرنجی خۆی بۆ هاوبەشیکردنی بیرۆکەکانی لەگەڵ هاوپۆلەکانی سەبارەت بە بابەتەکە لەوانەکەدا. (بارتلی، ٢٠١٨، ٧٩)

### ٢-١-٢-٢ ئامانجەکانی ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان

١- لەکاتی ڕوونکردنەوەی وانەکەدا هەموو خوێندکاران ئامادە دەکات بۆ وەڵامدانەوە لەهەرساتێکدا.
٢- بەدرێژایی کاتی وانەکە خوێندکاران لەبەرزترین دۆخی سەرنجدان دەهێڵێتەوە.
٣- هاندانی خوێندکاران بۆ خۆشەویستی فێربوون و بەشداریکردن لەوەڵامدانەوەی پرسیار کاتیك لەلایەن مامۆستاوە ئاراستە دەکرێت.
٤- لەبیرکردن وانەکە بەبێ ماندوو بوون و هێشتنەوەی زانیاریەکان لەیادەوەری خۆیاندا بۆ ماوەیەکی زۆر.
٥- زیادبوونی فۆکس و حەماسەت و گەشەکردنی فیکری و خۆشەویستی فێربون. (ئەلبەیاتی، ٢٠٢٢، ٩٨)

### ٢-١-٢-٣ هەنگاوەکانی ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان

١- کۆمەڵێك چیلکەی چلووریی ئامادە بکات.
٢- ناوی خوێندکاران لەسەر چیلکە چلوورەییەکاندا بنووسرێت.
٣- دارەکان لەناو سندوقێکدا لەپێشەوەی پۆل و لەبەردەم خوێندکارەکاندا دادەنرێت.
٤- باشتر وایە ئەگەر لەباخچە بەکارهێنرا وێنەی بچووکی (وێنەی سەرباج) بە چیلکە چلوورەییەکانەوە هەڵبواسرێت.
٥- ئەو خوێندکارانەی نەهاتوون، لەکاتی دەستپێکردنی وانە ناویان یان وێنەکانیان لابرێت، بۆ ئەوەی هەڵنەبژێرین، چونکە ئامادە نین لەپۆلدا.
٦- مامۆستا خوێندکارەکان دەکات بەچەند گرووپێك باشتر وایە هەر گرووپێك لەشەش خوێندکار زیاتر نەبێت.
٧- بابەتی وانە بەشێوەی (پرسیارو وەڵام)ی ئاستی جۆراو جۆر ئامادە دەکات.
٨- پرسیارەکان لەسەر وایت بۆردەکە بەدیوی شارەوەیدا هەڵدەواسرێت.
٩- لەپشتی پرسیارەکان ژمارە یان پیت دەنووسرێت، یاخود ئەگەر قۆناغەکە گەورە بوون تەنها پشتی کارتەکان بەسادەی هەڵواسرێت.
١٠- مامۆستا بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە خوێندکارێك لەگرووپێك دەست نیشان دەکات بۆ هەڵبژاردنی پیتێك یان ژمارەیەك یاخو کارتێکی هەڵواسراو.
١١- لەکاتی گفتوگۆی ناو پۆل، مامۆستایە لەچیلکە چلوورەییەکان بەرز دەکات، ئەو ناوەی لەسەر دارەکە دەردەکەوێت، پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کەئاراستەی دەکرێت.
١٢- لەکاتی وەڵامدانەوەی دروست خوێندکارەکە خەڵات دەکرێت.
١٣- مامۆستا چیلکە چلوورەییەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو سندووقەکە، تاکو خوێندکار هەست بکات، دەکرێت مامۆستا جارێکی دیکە ناو ڕابکێشرێتەوە.
١٤- ڕێنمایی ئاراستەی خوێندکاران دەکات بۆ گەیشتن بەئامانجی دیاریکراو، هەروەها ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان بە بەردەوامی لەدوای تەواوبوون.
١٥- هەر گرووپێك زۆرترین خەلاتی کۆکردەوە بەبراوە دادەنرێت واتە زۆرترین پرسیاریان زانیوە. (عزیز، ٢٠٢١، ٥٥-٥٦). (بارتلی، ٢٠١٨). (الشمری، ٢٠١١، ٣٨). (امبوسعیدی و الحونیە، ٢٠١٥، ١٠٥٦). (قادر، ٢٠١٨، ٢١١).
١٦-

## ٢-٢ پاڵنەری فێربوون (الدافعیە التعلم)

### چەمکی پاڵنەری فێربوون:

یەکەم لێکدانەوە بۆ ئەم چەمکە لەئاراستە فەلسەفییەکانەوە هاتووە کە لایەنی عەقڵانی مرۆڤ و ئازادی ویست و هەڵبژاردن لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا لەسەر بنەمایەکی چۆنایەتی جیاکراوەتەوە، بەتایبەتی کەمرۆڤ عەقڵ و ڕۆح حوکم دەکەن بە ڕەفتارو پاڵنەرەکانیەوە، لەکاتێکدا ئاژەڵ بەپێی میکانیزمێکی دیاریکراو پەیڕەوی دەکات بەغەریزە نوێنەرایەتی دەکات. هەندێکی ڕەوتی فەلسەفەی هەن باوەڕیان وایە

کەدروستبوون لەتاکەکاندا لەهێزی دەرەکییەوە دێت و بایەخێکی زۆر دەدەن بەرۆڵی بیروبۆچوونەکانی داروین کە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر بەکارهێنانی غەریزە بۆ لێکدانەوەی ڕەفتاری مرۆڤ کەدیاریترنیان (فرۆید) بوو. (الرابغي، ٢٠١٥، ١١٦)

**پاڵنەری فێربوون:** ئاماژەیە بەدۆخێکی ناوەکی خوێندکار دەکات کەبەرەو ئاگای لەهەمبەر هەڵوێستێکی فێرکاری و ڕووکردنە هەڵوێستەکە بەچالاکییەکی ئاراستەکراوەو بەردەوامبوون لەو چالاکییە پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی فێربوونەکە بهێنتەدی، تەنها وروژاندن کردەی فێربوون مەیسەر ناکات، بەڵام ئێمە دەتوانین بڵێین کەفێربوون بەبێ وروژاندن و چالاکی نایەتە دی. (عەدەس وئەلقیتامی، ٢٠١٣، ١٩٦)

چەمکی پاڵنەری فێربوون: لەفەرهەنگی وشەدا بەمانای جووڵە و هەستانەوە دێت، پێناسەی گشتی ئەم چەمکە ئەوەیە کەپاڵنەر هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەوکارو ئەرکانەی کەلەسەر ئێمەیە. (رضایی، ١٢٩٦، ١٨)

## ٢-٢-١ کارامەییەکانی پاڵنەر

١- دروستکردنی ئارەزووی پەیوەندیکردن لەگەڵ منداڵ.
٢- هەبوونی حەزوو ئارەزووی لەبواری وانەگوتنەوە.
٣- ئارەزووی پەرەپێدانی توانای داهێنەرانەی خوێندکاران.
٤- ئامانجی گەیشتن بەگەشەی پیشەیی و گەشەپێدان خۆ و خۆ دەربرین.

هەبوونی ڕەزامەندی دارایی لای ئەنجامدەرانی کارەکە. (دهقانی، ١٣٩٧، ١٠٤-١٠٥)

## ٢-٣ توێژینەوەکانی پێشوو: Previous Stadies

## ٢-٣-١ ئەو توێژینەوانەی کەباسیان لەستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان و کاریگەری لەسەر دەستکەوت کردووە.

خشتەی ژمارە (١)

| ژ | ناوی توێژەر وڵات و ساڵی ئەنجامدانی | ئامانجی توێژینەوە | کۆمەڵگە و توێژینەوەی قەبارەی نمونە | میتۆدی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نبراس کازم حوسین ئەلعنێزی-عێراق ٢٠٢٤ | -کاریگەری ستراتیجیدارە ساردەمەنییەکان لەسەر دەستکەوتنی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لەسەربابەتی ڕێزمانی کوردی. - کاریگەری ستراتیجدارە ساردەمەنییەکان لەسەر ئاراستەی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لەسەرە بابەتی کوردی. | خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بەیانیان بۆکچان لەناوەندی پارێزگای بەغداد کەژمارەیان (٤١١٦) خوێندکارە. نموونەی توێژینەوە بریتیە لەئامادەیی ئەنفال بۆکچان گرووپی ئەزموونی ژمارەیان ٣١ خوێندکارو گرووپی کۆنترۆڵکراو ٣٠ خوێندکارو گرووپی کۆنترۆڵکراو نموونەیە کە بەهەردوو گرووپ ٦١ خوێندکار. | ئەزموونی | ١- SPSS<br>٢- تاقیکردنەوەی (t.test)<br>٣- کایی ٢جایی.<br>٤- هاوکێشەی گرانی برگە.<br>٥- کارایی شوێن گرووەی هەڵەکان.<br>٦- پیرسۆن<br>٧- کیودر ریچارد سۆن. | لەئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەدەستکوتی خوێندن و ئاراستەی خوێندکاران بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی. |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | صابر عبدالرحمن عەولا حامد مصطفی بلباس فریدون عبدالرحیم عبدالله هەرێمی کوردستان-عێراق | زانینی کاریگەی بە بەکارهێنانی چیلکە چلوورەییەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی کچانی پۆلی دەیەم لە مێژوودا. | خوێندکارانی پۆلی دەیەمی ئەدەبی کە ژمارەیان ٤٩٣٢ خوێندکارن. نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە ئامادەی (زۆزان)ی کچان گرووپی ئەزموونی ٢٦ خوێندکارو و گرووپی کۆنترۆڵکراو ٢٨ خوێندکارە بەهەردوو گرووپ ٥٤ خوێندکار. | ئەزموونی | ١- SPSS<br>٢- تاقیکردنەوەی التائی(t.test)<br>٣- کای٢ کای سکوێر.<br>٤- یاسای حکۆپەر.<br>٥- هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن.<br>٦- رێژەی چوارگۆشەی ئیتاو. | لەئەنجامدا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەسەر دەستکەوتی خوێندن لەبابەتی مێژوودا. |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | هەڵۆ كريم محمد هەرێمی كوردستان عێراق ٢٠٢٢ | -زانينی كارايی بەكارهێنانی ستراتيجی كارتە كراوەكان لەسەر دەستهاتی خوێندنی خويندكارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتە كۆمەڵايەتيەكان بە بەراورد بە ڕێگای ئاسايی. -زانينی كارايی بەكارهێنانی ستراتيجی كارتە كراوەكان لەسەر گەشەكردنی پاڵنەری فێربوون لای قوتابيانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بە بەراورد بە ڕێگای ئاسايی. | خوێندكارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەسنوری قەزای پێنجوێن كەژمارەیان ٧٩٧ خوێندكار بوون. نموونەی توێژینەوەكە قوتابخانەی جەلالی محمودی بنەڕەتی ژمارەیان ٤٤ خوێندكار بووكە بەشێوەیەك گرووپی ئەزموونی ٢٢ خوێندكار و گرووپی كۆنترۆڵكراو ٢٢ خوێندكار بووە. | ئەزموونی | -تاقيكردنەوەی پێوەری التائی(t.test) بۆ دوو سامپڵ سەربەخۆی یەكسان -كای٢ بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی هەردوو گرووپی لێكۆڵینەوە لەگۆڕاوی ئاستی دایكان و باوكانی خوێندكاران. -هاوكێشەی ئەلفاكرونباخ بۆ دۆزینەوەی نەگۆڕی تاقیكردنەوەی دەستەگرتنی خوێندن بەكارهێنا. -هاوكۆلیكەی سپرمان براون. -هاوكۆلكەی ئاسانی بەندەكانی تاقیكردنەوە. -هاوكۆلكەی قورسی بەندەكانی تاقیكردنەوەی بەندەكانی تاقیكردنەوە. -كارایی جێگرەوەی هەڵەكان. -هاوكۆلكەی پەیوەندی پیرسۆن. هاوكۆلكەی پەیوەندی كندال. -هاوكۆلكەی جێ كۆپەر. -هاوكۆلكەی دووجای ئیتاو. -هاوكۆلكەی كوهین. | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان نمرەكانی هەردوو گرووپی توێژینەوەكە لەبەرژەوەندی خوێندكارانی گرووپی ئەزموونی لەسەر زیادبوونی دەستهاتی خوێندن و گەشەكردنی پاڵنەری فێربوونیان لەتاقیكردنەوەی دەستهاتی خوێندن پێوەری پاڵنەری فێربووندا، لەدوای جێبەجێكردنی ئەزموونەكە، ئەمەش بۆ سەركەوتووی و كاریگەری و پراكتیزەكردنی ستراتیجی كارتە كراوەكان دەگەڕێتەوە. |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | سەعد خلیل ئیبراهیم داود عێراق ٢٠٢٢ | زانینی کاریگەری ستراتیجی تۆپی بەفری لەسەر دەستکەوت و پاڵنەری فێربوونی خوێندکارانی ئەدەبی پۆلی پێنجەم لەبابەتی جوگرافیادا. | خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی / لقی وێژەیی سنوری قەزای تەلعەفەر دەگرێتەوە کە ژمارەیان ٧٨٨ خوێندکارە نموونەی توێژینەوە کەی قوتابخانەی ئەلکاساك بوو ژمارەی خوێندکارانی ٥٨ خوێندکار بوو بەم جۆرە دابەش بوو ٣٠ خوێندکار لەگرووپی ئەزموونی و ٢٨ خوێندکار لەگرووپی کۆنترۆڵکراو. | ئەزموونی | -توێژەر بەرنامەی (spss) بەکارهێنا بۆ شیکارییە ئامارییەکان<br>-تاقیکردنەوەی دووەم (t.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ<br>-هاوکێشەی کای چوارگۆشە.<br>-هاوکێشەی ئاسانکاری لەلایەن توێژەرەوە بەکارهێنرا بۆ دۆزینەوەی پلەی ئاسانکاری بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوت.<br>-هاوکۆلکەی جیاکاری بەندەکانی تاقیکردنەوە.<br>-هاوکۆلکەی کارایی بەدیلە هەڵەکان.<br>-هاوکێشەی ئەلفاکرۆنباخ بۆ دۆزینەوەی متمانەپێکراوی. | -جیاوازی ئاماری بەرچاو هەیە لەئاستی گرنگی (٠،٠٥) لەنێوان تێکرای نمرەی ئەو خوێندکارانەی کە لەگرووپی ئەزموونی کەبەپێی ستراتیجی تۆپی بەفری خوێندویانە، لەگەڵ تێکرای نمرەی ئەو خوێندکارانەی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بەپێی شێوازی ئاسایی خوێندویانە لەئەنجامدا لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزمووندار بوو.<br>-جیاوازی ئاماری بەرچاو هەیە لەئاستی گرنگی (٠،٠٥) لەنێوان تێکرای نمرەی ئەو خوێندکارانەی کە لەگرووپی ئەزموونی کەبەپێی ستراتیجی تۆپی بەفری خوێندویانە، لەگەڵ نمرەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو بەپێی شێوازی ئاسایی فێربوونی پاڵنەر لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی بوو. |

## بەشی سێیەم

## ٣- ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە Procedures of the Research

### ٣-١ میتۆدی توێژینەوە Research Methodology


توێژەر میتۆدی ئەزموونی پەیڕەو کردووە کە بەمیتۆدێکی گونجاوی زانیوە بۆ ئەم توێژینەوەیە، چونکە لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان دامەزراوە بۆ ئەوەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوە پاشکۆ بزانێت بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان.

### ٣-٢ دیزاینی توێژینەوە Experimental Design

بریتیە لەنەخشەسازی توێژینەوەکە بۆ وەرگرتنی وەڵامی توێژینەوەکە، هێڵکاری هەموو ئەو ئامانجانەیە کەتوێژەر دەیەوێت بەدی بهێنرێت و کێشەکانی توێژینەوەکەی چارەسەربکات و کۆنترۆڵیان بکات. (النعیمی واخرون، ٢٠١٥، ٢١٥-٢١٦)

لەم توێژینەوەدا دیزاینی نیمچە ئەزموونی پەیڕەوکراوە کە بریتییە لە بەرنامەیەکی کار ونەخشەیەک بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە و دیاریکردنی بارودۆخ و هۆکارەکانی دەوروبەری دیاردەی لێ توێژراو، کە لە ڕێگەی ئەم جۆرە دیزاینەوە توێژەر دەتوانێت گریمانەکان هەڵبژێرێت و بگاتە ئەنجامێکی ڕاستگۆیانە لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکان و پاشکۆکان.**(منسي ، ٢٠٠٠: ٢٣٤).**

هەر بۆیە توێژەر پشت بە دیزاینی نیمچە ئەزموونی بەستووە کە گونجاو بوو بۆ بارودۆخی توێژینەوەکەی، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دیزاینەدا هەردوو گروپ (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) کەوتوونەتە ژێر تاقیکردنەوەیەکی پاشی بۆ گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندن و تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ پێودانگی گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوونیان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان . بڕوانە هێڵکاری ژمارە(١)




**هێڵکاری (١): دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە**

## ٣-٣ کۆمەڵگەی توێژینەوە Research Population Identification

دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە بە یەکێك لە کارە گرنگەکانی توێژینەوە دادەنرێت، کە بریتیە لە هەموو ئەو تاك و کۆمەڵانەی بابەتی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. **(الجابري، ٢٠١١ : ٢٤٥).**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لەهەموو ئەو کەس و خوێندکارو لایەنە یان دیاردەیی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت. (حافظ، ٢٠١٢، ٥٨)

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەخوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی سنوری شارۆچکەی کەلار لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار کە پێکهاتوون لە(٥٨) قوتابخانەی بنەڕەتی کە پۆلی هەشتەمییان هەیە و ژمارەی خوێندکاران بەگشتی دەگاتە (٤٧٠١) خوێندکار، خوێندکارانی کوڕ (٢٣٠٠)خوێندکارانی کچ (٢٤٠١), بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ـ ٢٠٢٥).

خشتەی ژمارە (٢)

| ژمارەی قوتابخانەکان | ژمارەی خوێندکارانی کچ | ژمارەی خوێندکارانی کوڕ | کۆ |
|---|---|---|---|
| ٥٨ | ٢٤٠١ | ٢٣٠٠ | ٤٧٠١ |

## ٣-٤ نموونەی توێژینەوە Sample of the research

نموونەی توێژینەوە ئاماژە بە مۆدێلێك دەکات لەهەڵبژاردنی بەشێك لەکۆمەڵگەی توێژینەوە کەسیفاتی هاوبەشی تێدایە، ئەم کارەش بەپێی میتۆدە زانستییەکان دیاریدەکرێت تاوەکو وێنای کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات. (نوفل و ابوعواد، ٢٠٠٩، ٢٣١-٢٣٢)

### ٣-٤-١ نموونەی قوتابخانە The Sample of the schools

بۆ دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوە, لەپاش ناردنی نوسراو لە ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی-زانکۆی گەرمیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، **پاشکۆی ژمارە (٢)** پاشان نوسراوی ڕێگەپێدان ئاراستەی قوتابخانەکە کرا **پاشکۆی ژمارە (٤)،** توێژەر بەمەبەست قوتابخانەی **(زانیاری)** ی بنەڕەتی هەڵبژارد تاوەکو ببێتە نموونەی توێژینەوەکە، ئەوەش بەهۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. ئامادەیی بەڕێوەبەر و مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتیەکان قوتابخانەکە بۆ هاوکاری کردن بۆ ئەنجامدانی ئەزموونەکەی.
٢. گونجاوی قوتابخانەکە, لە ڕووی باڵەخانەو بوونی ژمارەی پۆل وخوێندکارانی پێویست و هۆڵی تایبەت بۆ وانەوتنەوە بە گروپ.
٣. توێژەر یەکێك بووە لە مامۆستایانی میلاکی قوتابخانەکە وئێستا لە مۆڵەتدایە.
٤. قوتابخانەکە لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە نزیك بوو لە شوێنی نیشتەجێبوونی توێژەر.

### ٣-٤-٢ نموونەی خوێندکار The Sample of the Pupils

توێژەر پاش سەردانیکردنی بۆ قوتابخانەکە بۆی دەرکەوت کە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەدوو هۆبە (لق) (أ , ب) پێك هاتوون، لە ئەنجامدا هۆبەی (أ) بوو بە گروپی ئەزموونی کە ژمارەیان (٢١) خوێندکار بوو, وە هۆبەی (ب) بوو بە گروپی کۆنترۆڵکراو کە ژمارەیان (٢٢) خوێندکار بوو.

ژمارەی خوێندکارانی هەردوو گروپ بریتی بوو لە (٤٠) خوێندکار دوای دوورخستنەوەی خوێندکارە دەرنەچووەکانی ساڵی پێشوو، کە ژمارەیان (٣) خوێندکار بووە، هۆکاری دوورخستنەوەی خوێندکارە دەرنەچووەکان لەبەر ئەوەیە لە ڕووی عەقڵی و دەروونییەوە زیاتر گەشە دەکەن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ووردی و دروستی ئەنجامەکانی ئەزموونەکە دەبێت **(الزوبعي واخرون،١٩٨١:٩٥)** و هێشتنەوەیان لە ناو پۆلدا بۆ پاراستنی سیستەمی قوتابخانە وخوێندن وە دوورکەوتنەوە لە گۆمان لە لایەن خوێندکارەکانی ترەوە . بڕوانە خشتەی ژمارە (٤):

خشتەی (٣) گروپ و ژمارەی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوە

| لق | هۆبە | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی خوێندکاران | ژمارەی خوێندکارە دەرنەچووەکان | ژمارەی کۆتای خوێندکاران |
|---|---|---|---|---|---|
| أ | ئەزموونی | ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان | ٢١ | ١ | ٢٠ |
| ب | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | ٢٢ | ٢ | ٢٠ |
| کۆ | | | ٤٣ | ٣ | ٤٠ |

## ٣-٥ هاوتاکردنی گرووپەکانی توێژینەوەEquivalent of the Research Group

خشتەی ژمارە (٤)

| گۆڕاوەکان | کۆمەڵەکان | نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | بەهای تای: نمرەی هەژمارکراو | بەهای تای: خشتەیی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | ئەزموونی | ٢٠ | ١٦٤,٥٥ | ١١,٩٤ | ٣٨ | ٠,١٤٨ | ٢,٠٢٤ | بەڵگەداری نییە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ١٥٦,١٠ | ١١,٦٢ | ٣٨ | | | |
| زانیاری پێشینە | ئەزموونی | ٢٠ | ٥٢,٤٠ | ١١,٧٤ | ٣٨ | ١,٠١١ | ٢,٠٢٤ | |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ٥٦,٢٥ | ١٢,٣٤ | ٣٨ | | | |
| نمرەی ساڵی پێشوو | ئەزموونی | ٢٠ | ٧٨,٠٥ | ١٣,٨٢ | ٣٨ | ٠,٨٥٣ | ٢,٠٢٤ | |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ٧٤,٧٥ | ١٠,٤٢ | ٣٨ | | | |
| گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون | ئەزموونی | ٢٠ | ٦٥,٥٥ | ٥,٣١ | ٣٨ | ١,٨٦ | ٢,٠٢٤ | |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ٦٢,٠٥ | ٦,٥٢ | ٣٨ | | | |
| ئاستی زیرەکی | ئەزموونی | ٢٠ | ٣٦,٣٥ | ٨,٣١ | ٣٨ | ١,٢٩ | ٢,٠٢٤ | |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ٣٣,٣٠ | ٦,٥٩ | ٣٨ | | | |

### ٣-٥-١ تەمەنی خوێندکاران

توێژەر تەمەنی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکەی لەڕیگەی تۆماری تایبەت لەسیستەمی (E-Parwarda)ی قوتابخانە وەرگرت سەرەڕای دابەشکردنی فۆڕمی تایبەت بەسەر خوێندکاران بۆ وەرگرتنی ڕێکەوتی ڕۆژو مانگ و ساڵی تەمەنیان، **پاشکۆی ژمارە (٤)** پاشان هەژمارکردنی تەمەنیان بە مانگ تا ڕێکەوتی ١٤/١١/٢٠٢٤ **پاشکۆی ژمارە (٥)** بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی هاوتایی لە نێوان هەردوو پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی (أ ، ب) بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t. test) بۆ نموونەی سەربەخۆ، بەمەبەستی زانینی جیاوازی ماناداری ئاماریی لەنێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو. لەئەنجامدا دەرکەوت کەجیاوازی ماناداری ئاماری نییە، چونکە بەهای (t) ئەژمارکراو بریتی بوو(٠,١٤٨)کەمترە لەبەهای خشتەی(٢,٠٢٤) لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بەنمرەی ئازاد (٣٨)،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەهەردوو گروپ لەگۆڕاوی تەمەندا هاوسەنگن. بڕوانە خشتەی ژمارە (٥)

### ٣-٥-٢ زانیاری پێشینەی خوێندکارانی هەردوو گرووپ بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ مێژوو

توێژەر بە مەبەستی زانینی زانیاری پێشینە لە بابەتی مێژوو لای خوێندکارانی هەر دوو گروپ، هەستا بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەك لە جۆری بابەتی (ڕاست و هەڵە ، هەڵبژاردن) کە لە (٢٠) بڕگە پێك هاتبوو، پشت بەست بە ناوەڕۆکی بابەتی مێژوو لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلەکانی (٧) ی بنەڕەت، **پاشکۆی ژمارە (٦)** بۆ دڵنیابوون لە شیاویی وگونجاوی برگەکان خرایە بەردەست کۆمەڵێك لە

شارەزا و پسپۆڕ، **پاشکۆی ژمارە (٧)** پاشان جێبەجێکرا بە سەر هەردوو گروپدا لە ڕۆژی سێ شەممەلە ١٢ – ١١- ٢٠٢٤دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکە بەشێوەیەکی وورد هەڵەچنی وەڵامەکان کرا بە جۆرێك بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست یەك (١) نمرەی پێدەدرا و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵەش (سفر) دانرا، نمرەی خوێندکارانی هەر دوو گروپ **پاشکۆی ژمارە (٨)**، پاشان توێژەر بە مەبەستی زانینی جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراودا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ماناداری ئاماری نییە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی .t) (testبۆ نموونەی سەربەخۆ، پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ، و بەهای (t) ئەژمارکراو بریتی بوو لە (١,٠١١) کەمترە لە بەهای خشتەیی (٢,٠٢٤) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی ئازاد (٣٨) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر دوو گروپ هاوسەنگن. بڕوانە خشتەی ژمارە (٦):

### ٣-٥-٣ نمرەی کۆتایی ساڵی پێشوو لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

توێژەر نمرەی کۆتایی ساڵی پێشووی(٢٠٢٣ – ٢٠٢٤) بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لە تۆماری قوتابخانە وەرگرت **پاشکۆی ژمارە (٩)**، پاشان توێژەر بەمەبەستی زانینی جیاوازی ماناداری ئاماریی لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا پاش شیکاری ئاماری، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ماناداری ئاماری نییە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t. test) بۆنموونەی سەربەخۆ، پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ و بەهای (t) ئەژمارکراو بریتی بوو (٠,٨٥٣) کەمترە لە بەهای خشتەیی (٢,٠٢٤) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی ئازاد (٣٨)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر دوو گروپ هاوسەنگن لە ڕووی نمرەی ساڵی پێشوو. بڕوانە خشتەی ژمارە(٧):

### ٤-٥-٣ تاقیکردنەوەی پێشینە بۆ گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوونی خوێندکارانی هەردوو گرووپ:

توێژەر دوای ئەوەی پێوەری گەشەپێدانی بە شێوەی کۆتایی خۆی ئامادەکرد بەمەبەستی زانینی ئاستی پاڵنەری فێربوونی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان/مێژوو بەکاری هێنا لە ڕۆژی چوار شەممە لە ڕێکەوتی ١٣- ١١- ٢٠٢٤بۆ پێوانی ئەم گۆڕاوە لە سەر هەر دووگروپی نموونەی توێژینەوە، **پاشکۆی ژمارە (١٠)** بەمەبەستی زانینی ڕادەی هاوتایی لە نێوان هەردوو گروپ توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(t. test) بۆ نموونەی سەربەخۆ، پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ و بەهای (t) ئەژمارکراو بریتی بوو (١,٨٦) کەمترە لە بەهای خشتەیی (٢,٠٢٤) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی ئازادی (٣٨) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر دوو گروپ هاوسەنگن لە پاڵنەری فێربوونی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. بڕوانە خشتەی ژمارە (٨):

### ٥-٥-٣ ئاستی زیرەکی

بۆ زانینی ڕادەی هاوتایی لە نێوان هەردوو گروپ نموونەی توێژینەوە لە گۆڕاوی ئاستی زیرەکی، پاش ڕاوێژکردن لە گەڵ سەرپەرشتیاران و کەسانی پسپۆڕی، تاقیکردنەوە جون ڕافن **(John Carlyle Raven الدباغ١٩٨٣،٣٢)** بریتیە لەکۆمەڵێك وێنە یەکێکیان تەواو نەکراوە، داوا لە خوێندکار دەکرێت هەڵبژاردنی گونجاوی خۆی بۆ هەڵبژێرێت، ئەم پێوەرە پلەیەکی بەرزی لە ڕاستی و جێگیری هەیە، هەروەها لە زۆرێک لە توێژینەوەکانی وڵاتان بەکارهاتووە، بە شێوەیەکی گشتی پێك هاتووە لە (٦٠) بڕگەی وێنەیی دابەش بووە بەسەر(٥) گروپدا (A,B,C,D,E)هەر گروپێك (١٢) بڕگەیە، تاقیکردنەوەکە لەیەك کاتدا بەسەر هەردوو گرووپ لە ڕێگای بەکارهێنانی داتاشۆ لە ڕۆژی دوو شەممە ١١- ١١ -٢٠٢٤جێبەجێکرا، کاتی تەرخانکراو بو تاقیکردنەوەکە بریتی بوو لە (٦٠) خولەك پاشان هەڵەچنی پرسیارەکان کرا بە پێی کلیلی پشکنینی، و خوێندکار بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (یەك) نمرە وەردەگرێت و بۆ یەك وەڵامی هەڵەش (سفر) وەردەگرێت, **پاشکوی ژمارە(١١)**. بۆ زانینی جیاوازی بەڵگەداری نێوان هەردوو ناوەندە ژمێری تاقیکردنەوەی (t. test) بۆ نموونەی سەربەخۆ، بەکارهێنا پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ و بەهای (t) ئەژمارکراو بریتی بوو (١,٢٩) کەمترە لە بەهای خشتەیی کە بریتی بوو (٢,٠٢٤) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی ئازاد (٣٨)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەهەر دوو گروپ هاوسەنگن لەئاستی زیرەکیان بەپێی پێودانگی زیرەکی (جۆن ڕافن). بڕوانە خشتەی ژمارە (٩)

### ٦-٥-٣ ئاستی خوێندەواری باوکان

توێژەر ئاستی خوێندنی باوکی خوێندکاران لەڕێگەی فۆرمێکەوە بەدەستهێنا **پاشکۆی ژمارە (٤)**، چەند پلەیەکی بۆیان دیاریکرد بە پێی جۆری بڕوانامەی خوێندن, پاشان ئاستی بڕوانامەکانیان ڕیزبەند کرد لە نزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاست. بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەر دوو گروپ هاوکۆلکەی (کای سکوێر $\chi^{2}$) بەکارهێنرا، پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای (کای سکوێر $\chi^{2}$) ئەژمارکراو بریتی بوو (٠,٤٤٢ ) کە کەمترە لە بەهای خشتەیی (٥,٩٩) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی ئازاد (٢) واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان هەر دووگروپدا، ئەمەش هاوسەنگی هەردوو گروپ پیشاندەدات لە گۆڕاوی بڕوانامەی باوکان بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠):

خشتەی (٥)بەهای (کای سکوێر $\chi^{2}$) بۆ جیاوازی ئاستی بڕوانامەی باوکان

| گۆڕاو | گروپەکان | ناوەندی دەستهاتی باوکان | بەهای (کای سکوێر $\chi^{2}$) | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|

| | | نەخوێندەوار و سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی دبلۆم بەرەوسەر | نمرەی ئازاد | ئەژمارکراو | خشتەیی | بەڵگەدار نییە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندەواری باوکان | ئەزموونی | ٥ | ٧ | ٨ | ٢ | ٠,٤٤٢ | ٥,٩٩ | |
| | کۆنترۆڵکراو | ٦ | ٨ | ٦ | | | | |
| | کۆ | ١١ | ١٥ | ١٤ | | | | |

### ٣-٥-٧ ئاستی خوێندەواری دایکان

توێژەر ئاستی خوێندنی دایکان خوێندکاران بە هەمان ڕێکاری و هەنگاوەکانی باوکان بە دەستهێنا **پاشکۆی ژمارە (٤)،** بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەر دووگروپ، هاوکۆلکەی (کای سکوێر $\chi^2$) بەکارهێنرا، پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای (کای سکوێر $\chi^2$) ئەژمارکراو بریتی بوو (١,٣٨٤) کەمترە لە بەهای خشتەیی (٥,٩٩) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی ئازاد (٢)، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان هەر دووگروپدا، ئەمەش هاوسەنگی هەردوو گروپ پیشاندەدات لە گۆڕاوی بڕوانامەی دایکان. بڕوانە خشتەی ژمارە(١١):

خشتەی (٦) بەهای (کای سکوێر $\chi^2$) بۆ جیاوازی ئاستی بڕوانامەی دایکان

| گۆڕاو | گروپەکان | ناوەندی دەستهاتی دایکان | | | بەهای (کای سکوێر $\chi^2$) | | | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوارو سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی دبلۆم بەرەوسەر | نمرەی ئازاد | ئەژمارکراو | خشتەیی | بەڵگەدار نییە |
| ئاستی خوێندەواری دایکان | ئەزموونی | ٥ | ٧ | ٨ | ٢ | ١,٣٨٤ | ٥,٩٩ | |
| | کۆنترۆڵکراو | ٨ | ٧ | ٥ | | | | |
| | کۆ | ١٣ | ١٤ | ١٣ | | | | |

## ٣-٦ پێداویستیەکانی توێژینەوەکە Research Preparation

### ٣-٦-١ دیاریکردنی بابەتی خوێندن

توێژەر هەستا بە دیاریکردنی بابەتی خوێندن بە ڕاوێژکردن بە کەسانی پسپۆڕو مامۆستایانی بابەت کە چەند ساڵێك وانەکەیان وتوەتەوە، سەرەڕای سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی **(قاسم ئاغا: ٢٠١٦) و(مصطفی: ٢٠٢٣) و (احمد: ٢٠١٦ )** کە بۆ پۆلی هەشتەم ئەنجامدرابوون. بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەند پێکهاتووە (یەکەم، دووەم، سێیەم) لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی/ بەشی مێژوو، بڕیار لێدراوی خوێندن بۆ پۆلی هەشتەی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق – چاپی حەڤدەیەم ساڵی (٢٠٢٣) زانینی بە پێی ماوەی ئەزمونی توێژینەوەکە ناوی بەندەکان وناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٣):

خشتەی ژمارە (٧) دیاری کردنی بەندە وناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکان بۆ بابەتی ئەزموونەکە

| بەندەکان | ناونیشانی بەندەکان | ژمارەی لاپەڕەکان |
|---|---|---|
| یەکەم | بانگەوازی ئیسلام و پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی | ٢٧ |
| دووەم | دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی (خەلیفەکانی ڕاشدین) دا | ٢٣ |
| سێیەم | دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی (خەلیفەکانی ئومەوییەکان) دا | ١٩ |
| کۆی گشتی | | ٦٩ |

### ٣-٦-٢ دیاریکردن و داڕشتنی ئامانجەڕەفتاریەکان

ئامانجە ڕەفتارییەکان ئاماژەن بەو دەرئەنجامە فێربوونانەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە خوێندکار دوای پرۆسەی وانەوتنەوە بەدیبهێنرێن، کە دەتوانرێت لەلایەن مامۆستاوە چاودێری و پێوانە بکرێت. **(الخزرجي، ٢٠١١:٦١)**

دارِشتنی ئامانجە رەفتارییەکان بۆ هەر بەرنامەیەک هەنگاوی بنەڕەتییە لەبنیاتنانیدا، چونکە یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ دیاریکردنی ناوەڕۆکی وانە زانستییەکان وکارکردن لەسەر ڕێکخستنی، هەروەها بۆ هەڵبژاردنی ڕێگاو ئامرازو شێوازی فێرکردن گونجاو، وە نوێنەرایەتی پێوەری بنەڕەتی دەکات لە هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردەدا. **(العبيدي، ٢٠٠٦: ٨٠ )**.

لە بەرگرنگی ئامانجە رەفتارییەکان لە پرۆسەی فێربووندا توێژەر بە پێی سروشتی ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوەکەی ئامانجەکانی دارشت بۆ (١٣٢) ئامانج، بەگوێرەی پۆلێنکردنی (بلۆم – Bloom) لە بواری مەعریفی دا لە ئاستەکانی (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە)، نموونەی خرایە بەردەم کۆمەڵێك لە هەڵسەنگێنەران و پسپۆرانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەوهەڵسەنگاندن و مامۆستایانی بابەتی مێژوو، **پاشکۆی ژمارە(٧)** بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوون وتێبینی و پێشنیارەکانیان بە مەبەستی باشتر دارشتنی بە جۆرێك کە ڕاست و دروست بن و سەرکەوتنی ئەزموونەکە مسۆگەر بکەن، بۆ دڵنیابونیش توێژەر پشتبەست, بەپێی هاوکێشەی (جی کۆپەرJ.Cooper) شیکار کرا بەرێژەی ٨٠% بۆ سەرەوە وەك پێوەرێك بۆ پەسەندکردنی هەرئامانجێکی رەفتاری دیاری کرد و لە سەر ڕۆشنایی ڕاو سەرنجی شارەزایان هەندێ ئامانج هەمووارکران لە شێوازی دارشتنیان، دواتر دارِشتنی ئامانجەکان بۆ هەر ئاستێك بەم شێوەیە مایەوە، (١٢) ئامانج لە ئاستی بیرهێنانەوە، و (١٠) ئامانج لە ئاستی تێگەیشتن و (٤) ئامانج لە ئاستی جێبەجێکردن، و (٤) ئامانج لەئاستی شیکردنەوە، بڕوانە **پاشکۆی ژمارە (١٢)**

## ٣-٦-٣ ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە

مەبەست لە پلانی وانە ووتنەوە گرتنە بەری پرۆسەیەکی وێناکردن و خستنەکاری ئەو بڕیارلێدراوانەیە کە پێویستە بگیرێتە بەر لە پێناو ئاڕاستەکردنی چالاکیەکان بە ئامانجی جێبەجێکردنی لە ماوەیەکی دیاریکراو سنووردار دا" **(عزیز،٢٠٢١:١٦٥)**

یەکێك لە پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەزموون دانانی پلانی وانە وتنەوەیە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر (١٦)شازدە پلانی بۆ هەریەك لە گرووپی ئەزموونی بەپێی ستراتیژییەتی (ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان) و گروپی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگای ئاسایی ئامادەکرد، و نموونەیەك لەو پلانانە خرایە بەردەم هەمان پسپۆران، پاش وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان گۆڕانکاری پێویست لە پلانەکەدا کرا. بڕوانە **پاشکۆی ژمارە(١٣)**

## ٣-٧ ئامرازەکانی توێژینەوە Tools of The Research

## ٣-٧-١ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن

تاقیکردنەوەکانی دەستکەوتی خوێندن باوترین ئامراز و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنن کە لە هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی فێربووندا بەکاردەهێنرێن، لەبەر ئەم هۆکارەش بەشێوەیەکی بەرفراوان لە دیاریکردنی بڕی ئامانجە پەروەردەییەکان کە بەدەست هاتوون بەکاردەهێنرێت. **(الحيلة، ١٩٩٩:٤٠٧)**

یەکێک لە پێداویستییەکانی توێژینەوە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنە بۆ پێوانەکردنی دەستکەوتی خوێندنی نموونەی توێژینەوە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان /مێژوو توێژەر لە ئامادەکردنیدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی پەیرەو کردووە:

## ٣-٧-٢ ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە Identification of test Items

توێژەر ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی ئامادەکرد کە لە دوو جۆر پرسیار پێکهاتبوو، پرسیاری یەکەم (٢٥) بڕگەبوون لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك بە چوار جێگرەوە (بدائل) بۆ هەر بڕگەیەك، ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بۆ پێوانەکردنی بواری مەعریفی خوێندکاران لە ئاستی (بیرهێنان، تێگەیشتن، جێبەجێکردن) پرسیاری دووەم (٥) بڕگە بوون لە جۆری گوتاری وەڵامی سنووردار بۆ پێوانەکردنی بواری مەعریفی خوێندکاران لە ئاستی (شیکردنەوە). لە لایەن ژمارەیەک لە پسپۆڕ و شارەزایان پشتڕاستکراوەتەوە ئەگەر لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت ئاوێتەبوون هەبێت لە نیوان بڕگەکانی بابەتی و بڕگەی گوتاری ئەوە نوێنەرایەتی باشترین شێوازی تاقیکردنەوە دەکەن هەریەکەیان لاوازی ئەوی دیکە هەڵدەوەشێنێتەوە و لەسەر شایستەیی دەمێننەوە **(الظاهر واخرون، ١٩٩٩: ٨٦)** بۆ شیاویی تاقیکردنەوەکە توێژەر خەسڵەتە سایکۆمەترییەکانی

## ٣-٧-٣ ڕاستێتی تاقیکردنەوە Test Validity

یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی شێوازی هەڵسەنگاندنی باش، مەبەست لە ڕاستێتی ئەو بڕگەیە دانراوە، ئەو ئامانجە بەدیبهێنێت کە لە پێناویدا دانراوە **(عبدالرؤوف والمصري ٢٠١٧: ٦٨)** بۆیە توێژەر هەوڵیدا دوو جۆر ڕاستێتی پشتڕاست بکاتەوە، ئەوانیش ڕواڵەت و ناوەڕۆک بەم شێوەی لای خوارەوە:

## ٣-٧-٣-١ ڕاستێتی ڕواڵەت Face Validity

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستێتی تاقیکردنەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆڕو شارەزای بواری مێژووی ئیسلامی و ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن، **پاشکۆی ژمارە (٧)** بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونیان لەسەر بڕگەکانی تاقیکردنەوەکەو ئاستی گونجاوی بڕگەکان، ڕاستێتی دەرکەوت ڕێژەی(٩٥%) بوو، ئەمەش بەپێی هاوکێشەی (جی کۆپەرJ. Cooper) شیکار کرا بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکە گونجاوە بۆ بەکارهێنان.

## ٣-٧-٣-٢ ڕاستێتی ناوەڕۆک Content Validity

بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستێتی ناوەڕۆك توێژەر خشتەی تایبەتمەندی و برگەکانی تاقیکردنەوەکە بە پێی ئامانجە ڕەفتارییەکان (خشتەی ژمارە ١٤) خرایە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆر و شارەزای بواری مێژووی ئیسلامی و ڕێگاکانی وانەگوتنەوەو مامۆستایانی بابەتی مێژوو، **پاشکۆی ژمارە (٧)**

## ٣-٧-٣-٣ ئەزموونی بەرایی (سەرەتایی) (التجربة الاستطلاعية)

ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم ئەزموونکردنە بریتییە لە پشتڕاستکردنەوەی ڕوونی برگەکانی تاقیکردنەوە بۆ جێبەجێکردن و دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە، توێژەر ئەزموونی سەرەتایی لە سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوە لە سەر نموونەیەك لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدرا کە بە شێوازی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردران، ژمارەیان بریتیبوو لە (٤٠) خوێندکار لە (قوتابخانەی بێخاڵی بنەڕەتی کچان ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە، لە ڕۆژی سێ شەممە لەڕێکەوتی (١٠ – ١٢ -٢٠٢٤)پاش دڵنیابوون لە تەواوکردنی بەندەکانی خوێندن، دەرکەوت برگەکانی تاقیکردنەوە ڕوون و ئاشکران وهیچ ئاڵۆزیەك و نا ڕوونییان تێدانییە کە پێویست بە گۆڕانکاری بکات و کاتی تەرخانکراو بۆ تاقیکرنەوەکە بریتی بوو لە (٣٥) خولەك لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەی خوارەوە:

ماوەی تاقیکردنەوەکە = $\frac{\text{کۆتا وەڵامدانەوەی خوێندکار + یەکەم وەڵامدانەوەی خوێندکار}}{٢}$ $=\frac{٣٠+٤٠}{٢}=٣٥$

## ٣-٧-٣-٤ شیکاری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوە Test Items Analysis

دوای ئامادەکردنی برگەکانی تاقیکردنەوە، بەمەبەستی زانینی ئاستی گرانی برگەکان و هێزی جیاکاری و کارایی جێگرەوە هەڵەکان، توێژەر تاقیکردنەوەکەی لە سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوە لە سەر نموونەیەك لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدرا نموونەی بەرایی هاوشێوەکرد لە قوتابخانەی(بێخاڵی کچانی بنەڕەتی)، کە پێکهاتبوو لە (٤٠) خوێندکار، ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە لەڕۆژی سێ شەممەڕێکەوتی (١٠ -١٢ -٢٠٢٤) پاش دڵنیابوون لە تەواوکردنی بابەتی خوێندن دوای پرۆسەی هەڵەچنی بۆ وەڵامی خوێندکاران بە پێی کلیلی ڕاستکردنەوە، **پاشکۆی ژمارە(١٦)**، ڕیزبەندکردنی ئەو نمرانە بەشێوەی ژماردنی سەر بەرەخوار (تنازلی) لە بەرزترین نمرەوە بەرەو نزمترین نمرە، ژمارەی خوێندکاران دەکاتە (٢٠) خوێندکار، پاشان توێژەر وەڵامی هەردوو گرووپی بەشێوەیەکی ئاماری شیکردەوە بۆ دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیە خوارەوە:

## ٣-٧-٣-٥ هاوکۆلکەی قورسی برگەکان Item Difficulty Coefficient

بریتییە لە ڕێژەی ژمارەی ئەو خوێندکارانە کە بە دروستی وەڵامی برگەکانی تاقیکردنەوەکە دەدەنەوە **(علام، ٢٠٠٠: ٢٨٨)** بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی قورسی هەر برگەیەك لە برگەکانی تاقیکردنەوە، توێژەر یاسای هاوکۆلکەی قورسی بەکارهێنا. دەرکەوت کە ئاستی برگەکانی جۆری تاقیکردنەوەی بابەتی دەکەوێتە نێوان (٠,٢٧ – ٠,٨٢) وئاستی قورسی پرسیارەکانی جۆری گوتاری وەڵام سنوودار دەکەوێتە نێوان (٠,١٨–٠,٣٦) بەمەش ئاستی قورسی هەموو برگەکان پەسەندن، بەپێی ڕێژەی هاوکۆلکەی قورسی یان، ئاسانی پەسەندە ئەگەر مەودای لە نێـــــوان (٢٠%–٨٠%) بێت. **(شوانی، ٢٠١٨: ١١٤ )، پاشکۆی ژمارە (١٧)، (١٨)**

## ٣-٧-٣-٦ هێزی جیاکاری برگەکان Item Discriminating Power

مەبەست لە هێزی جیاکاری ئەوەیە توانای هەر برگەیەکە لەسەر جیاکردنەوەی نێوان ئەو خوێندکارانی کە ئاست و توانایان بەرزە و ئەو خوێندکارانەی کە ئاست وتوانایان نزمە لە وەڵامدانەوەی هەر برگەیەك **(الكبيسي، ٢٠٠٧:١٧٨)** توێژەر بەپێی هاوکێشەی تایبەت هێزی جیاکاری برگەکانی تاقیکردنەوەی دەرهێنا بۆی دەرکەوت، بۆ برگەکانی جۆری بابەتی لە نێوان (٠,١٨–٠,٦٤) دایە، بۆ بەرگەکانی پرسیاری جۆری گوتاری وەڵامی سنووردار لە نێوان (٠,١٨–٠,٧٢) دایە، هەموو بەرگەکانی تاقیکردنەوە پەسەندە ئەگەر ڕێژەکەی (٠,٢٠)زیاتربێت. **(الظاهرواخرون،١٩٩٩: ١٣٠). پاشکۆی ژمارە (١٧)، (١٨)**

## ٣-٧-٣-٧ کارایی جێگرەوە هەڵەکان Effectiveness of Distrusters

جێگرەوە هەڵەکان کاتێك کارایی دەبێت ژمارەی خوێندکارانی گرووپی ئاست بەرز کە وەڵامی ڕاستەکەیان هەڵبژاردووە زیاتر بن لە ژمارەی خوێندکارانی گرووپی ئاست نزم کە هەمان وەڵامیان هەڵبژاردووە بە ڕێژەیەکی کەمتر، و قورسی جێگرەوەکانی فرە هەڵبژاردن بەندە بە ڕادەی لێکچوون و نزیکایەتی ڕواڵەتی لە نێوان جێگرەوەکان **(شواهين، ٢٠١٨: ٩٨)**

ئامانجی شیکردنەوەی کارایی جێگرەوە هەڵەکانە، لەئەنجامی پشکنینی جێکرەوە هەڵەکانی برگەکانی هەرتاقیکردنەوەیەك کە چەند بژاردەیەکی لە خۆ گرتبێت پێیان دەوترێت (گومڕاکان). ئەم شیکارییە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت ئەگەر بەهای ڕێژەی جیاکاری بابەتەکە نێگەتیف بێت, سفر بێت، یان نزیک بێت لە سفر. **( علام، ٢٠٠٠: ٢٩١)** توێژەر بە بەکارهێنانی هاوکێشەی دیاریکردنی کارایی هەر جێگرەوەیەك بۆ (٢٥) برگەی تاقیکردنەوەی بابەتی دۆزرایەوە کەدەکەوێتە نێوان (٠,٠٠ -–٠,٩١) دەرکەوت کە جێگرەوە هەڵەکان سەرنجی زیاتر ژمارەی خوێندکارانی گرووپی ئاست نزمی ڕاکێشاوە تا ژمارەی خوێندکارانی گرووپی ئاست بەرز، جیاوازییەکەش لە زۆرینەی برگەکاندا زیاترە لە ڕێژەی (٠,٠٥ ٪) ئەمەش مانای ئەوەیە زۆرینەی جێگرەوەکان شیاون. **(الظاهرواخرون، ١٩٩٩: ١٣١). پاشکۆی ژمارە (١٩).**

## ٣-٧-٣-٨ جێگیری تاقیکردنەوەکە Test Reliability

جێگیری تاقیکردنەوە بەو مانایە کە تاقیکردنەوەکە هەمان ئەنجام دەدات یان نزیك لەو ئەنجامەی بەدەستهێنا ئەگەر هاتوو زیاتر لە جارێك جێبەجێبکرێت بە سەر هەمان گروپ لە هەمان هەلومەرجی هاوشێوەدا، ئەو کاتە بە تاقیکردنەوەیەکی جێگیر ئەژمار دەکرێت **(الشجيري والزهيري، ٢٠٢٢:٢٨٢)**

توێژەر تاقیکردنەوەی لە سەر (٤٠) خوێندکار لە خوێندکارانی قوتابخانەی (بێخاڵی بنەڕەتی کچان ) ئەنجامدا، لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی(١٠ -١٢- ٢٠٢٤)بەهۆی نەبوونی کات و بایکوتەوە توێژەرناچاربوو یەك تاقیکردنەوەی بەکارهێنا پشت بەستراو بە شێوازی (ڕێگای تاقیکردنەوەی کەرتی نیوەی) بڕگەکانی تاقیکردنەوەی کردە دووبەشەوە و بڕگە تاکەکان بەجیاو بڕگە جووتەکان بەجیا،دوای دابەشکردنی بڕگەکان توێژەرهاوکۆلکەی پەیوەندی لەنێوان تێستی نمرەکانی هەردوو نیوەکە هەژمار دەکرێت و ئەو هاوکۆلکەیە بە هاوکۆلکەی پەیوەندی جێگیری دادەنرێت بەهەژمارکردنی هاوکۆلکەی سپێرمان جێگیری تاقیکردنەوەکە بەبەهای(٠,٦٣)ئەم دەرئەنجامە هاوکۆلکەی جێگیری نیوەی تێستەکەیە بۆیە دەبێت لەڕێگەی هاوکێشەی سپێرمان براون دەستکاری بکرێت بۆ ئەوەی ببێت بەهاوکۆلکەی هەموو تێستەکە بەمەش بەهاکەی بوو بە (٠,٧٩) **(Gronlund,١٩٦٥ :١٢٥)** ئاماژە بەوە دەکات کە هەر تاقیکردنەوەیەك جێگیریەکەی لە نێوان (٠,٧٠ – ٠,٩٠) بێت بە تاقیکردنەوەیەکی باش دادەنرێت. **(شواهين، ٢٠١٨: ١١٩)**. **پاشکۆی ژمارە(٢٠)**.

## ٣-٧-٢ ئامادەکردنی پێوەری پاڵنەری فێربوون لەبابەتەکۆمەڵایەتییەکان/ مێژوو

لەبەر نەبوونی پێوەرێکی گونجاو بۆ پێوانەکردنی پاڵنەری فێرفوون خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکاندا/مێژوو کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم توێژینەوەیە بگونجێت، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێك بە سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو **(محمد، ٢٠٢٢)**، **(تانیا)**، وپێداچوونەوەی بە هەندێ سەرچاوەی پەیوەست بە پاڵنەری فێربوون، ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی پەیڕەو کرد بۆ ئامادەکردنی ئەم پێوەرە:

١. پێویست بوو هەر بڕگەیەک گوزارشت لە بۆچوونێک بکات نەک ڕاستییەک. **(Edwards,١٩٧٥: ١٤)**
٢. دارشتنی بڕگەکان بە زمانێکی دروست و ڕوون بێت. **(أبو علام،٢٠٠٧: ٤٠٠)**
٣. باشتر وایە هەربڕگەیەك ڕستەی سادە و ئامانجدار بن.
٤. پێویستە پێوەرەکە لە بابەتی ئەرێنی و نەرێنی پێکهاتبێت بە مەبەستی کەمکردنەوەی وەڵامی ئاسایی.
٥. دوور کەوتنەوە لە دارشتنی بڕگەی ناڕوون و گشتی **(الباوي،١٩٩٧: ١٧٨)**

لەژێر ڕۆشنایی ئەم هەنگاوانەی سەرەوە بۆ پێوانەکردنی پاڵنەری فێربوونی خوێندکارانی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆلکراو لە تاقیکردنەوەکانی پێشی. و پاشی، توێژەر پێوەرێکی ئامادەکرد کە لە (٣٤) بڕگە پێکهاتبوو بەشێوەیەکی سەرەتایی دارێژرا، **پاشکۆی ژمارە(٢١)** وەبەپێی پلەبەندی لیکرت هەربڕگەیەکی پێوەرەکە (٣) سێ هەڵبژاردەی پلەبەندی بۆ دانرا بەم شێوەیە (بەڕادەیەکی زۆر، بەڕادەیەکی مامناوەند، بەڕادەیەکی کەم) دواتر بەمەبەستی زانینی هەندێك لایەنی سایکۆمەتری تایبەت بە ڕاستی و هێزی جیاکاری بڕگەکان و جێگیری پێوەرکە ئەم ڕێکارییانەی جێبەجێکرا.

### ٣-٧-٢-١ ڕاستێتی پێوەر Scale Validity

ڕاستێی پێوەر ئەوەیە تواناى پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندییە یان دیاردەیەی هەبێت کە بۆ ئەو مەبەستە لە پێناویدا دانراوە **(مجيد، ٢٠١٤: ٩٣)** بۆ بەدەستهێنانی ڕاستێتی توێژەر پێوەرکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەی و دەروونزانی، **پاشکۆی ژمارە(٧)** بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونیان لە سەر ڕادەی شیاوی هەر بڕگەیەك لەبڕگەکان لە رووی دارشتنی زمانەوانی و زانستیەوە وە گونجاندنیان لە گەڵ ئاستی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە ,پاشان ڕێژەی هاوتای لە نێوان هەڵسەنگێنەران بەرێژەی (٨٠%) وە بەسەرەوە بە بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی و جی کوێەر پەسەندکران و پشت بەست بەڕاوبۆچوونی هەڵسەنگێنەران (٢بڕگە) بریتیبوون لە بڕگەکانی(٣٣)، (٣٤) لابران و گۆڕانکاری لە دارشتن چەند بڕگەیەك کرا بەم شێوەیەش پێوەرەکە بە شێوەی کۆتایی (٣٢) بڕگەی لە خۆگرت. **پاشکۆی ژمارە(٢٢)**.

### ٣-٧-٢-٢ ئەزموونی بەرایی (سەرەتایی) (التجربة الاستطلاعية) Exploratory Experiment

بەمەبەستی دڵنیابوون لەڕادەی ڕوونی بڕگەکان و ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی پێوەرەکەو خەملاندنی ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکان، توێژەر لە سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوە لە سەر نموونەیەك لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوەکەی، پێوەرەکەی بە سەر (١٠٠) خوێندکار لەقوتابخانەکانی (بێخاڵی کچانی بنەڕەتی،زەڵێی بنەڕەتی), لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٤ – ١١- ٢٠٢٤) لە قوتابخانەکانی (زەڵێ و بێخاڵی بەنەڕەتی کچان ) جێبەجێکرد، بەهاوکاری کارگێری قوتابخانەکە، پاشان داوا لە خوێندکاران کرا کە تێبینی و ڕاو وبۆچوونیان سەبارەت بە هەریەکێک لە بڕگەکانی پێوەرەکە بخەنە ڕوو، بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری و ڕێکخستنی گونجاو، جێی ئاماژەیە هیچ تێبینییەك نەکرا، دەرکەوت بڕگەکان پێوەرەکە ڕوون و ئاشکران و هیچ ئاڵۆزی و ناڕوونییان تێدا نییە کە پێویست بە گۆڕانکاری بکات،لە قوتایخانەی (بێخاڵی بنەڕەتی کچان)و دەرکەوت کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی پێوەرکە لە نێوان (٢٠بۆ ٤٠) لەگەڵ یەک بە تێکڕا (٣٠) خولەک، و بەم شێوەیە پێوەرەکە ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن.

مـــاوەی تاقیکردنەوەکـــە = کۆتـــا وەڵامدانـــەوەی خوێنـــدکار + یەکـــەم وەڵامدانـــەوەی خوێنـــدکار = $\frac{٢٠+٤٠}{٢}$ =٣٠
٢

### ٣-٧-٢-٣ هێزی جیاکاری پێوەری گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون Discrimination Power

مەبەست لەهێزی جیاکاری برگەکان، بریتیە لەدەرخستنی توانای برگەکان بۆ جیاکردنەوەی گروپی ئاست باڵا وگروپی ئاست نزم لە پێوەرەکەدا **(العاشقي،٨٢:٢٠١٠)** بۆ دۆزینەوەی هێزی برگەکانی پێوەرەکە، پشت بەست بە پێدانی نمرە بۆ هەر ئاستێك ((بەرادەیەکی زۆر، بەرادەیەکی مامناوەند، بەرادەیەکی کەم)) بۆ هەر برگەیەکی ئەرێنی وە بە پێچەوانەشەوە بۆ هەر برگەیەکی نەرێنی، لە پاش هەڵەچنی وەڵامی خوێندکاران نمرەکانیان ریزبەندکرا لە بەرزترین نمرەوە بەرەو نزمترین نمرە، وە دیاریکردنی رێژەی (٢٧%) پشت بەستن بە تاقیکردنەوەی (t. test) بۆ نموونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان، دەرکەوت بەهای (t) ئەژمارکراو (٠,٧٥٥ – ٧,٦٧٥) بۆ سەرجەم برگەکان زیاتر بوو لە بەهای خشتەی کە دەکاتە (٢,٠١) لە ئاستی (٠,٠٥) بە پلەی ئازاد (٥٢) دیاریکراوە جگە لە برگەکانی (٢، ٦. ١١) کە کەمتر بوون لە بەهایی خشتەیی. لە ئاستی (٠,٠٥) بە پلەی ئازاد (٥٢). **پاشکۆی ژمارە(٢٣)**

### ٣-٧-٢-٤ جێگیری پێوەر The Scale Reliability

جێگیری پێوەر مەبەستی ئەوەیە کە هەمان ئەنجام یان هاوشێوەی بدات بەدەستەوە ئەگەر دووبارە بۆ هەمان تاکەکان و لە هەمان بارودۆخدا بەکاربهێنرێتەوە **(الريماوي، ٢٠١٧: ١٧٨)** بۆ بە دەستهێنانی جێگیری پێوەر چەند شێوازێك هەیە، توێژەر شێوازی (دووبارەتاقیکردنەوە – Retest) بە کار هێنا لە سەر نموونەیەکی هەڕەمەکی کە ژمارەیان (٥٤) خوێندکار بوون لە خوێندکارانی نموونەی ئەزموونی سەرەتایی، لەرۆژی دوو شەممە رێکەوتی (١٠ -١١ -٢٠٢٤)وە جیاوازی کات لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم نزیکەی (دوو هەفتە) بوو، بۆ جاری دووەم تاقیکردنەوەکە لە سەر هەمان نموونە جێبەجێکرا پاش هەڵەچنی وەڵامەکان، بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی (Person) لە نێوان تێکرای نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوە دەرکەوت کە بەهای جێگیری پێوەر (٩٣%) ئەم بەهایەش شیاوە دەتوانیین پشتی پێبەستن بۆ ئەم جۆرە پێوەرە. **(عودة, ٢٠٠٢)** جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە رێژەی جێگیری قبوڵکراو (٧٠%) سەروتر بێت ئەو بە پێوەرێکی زۆر گونجاو دادەنرێت **(عودة, ٢٧٩:٢٠٠٢)** بەم شێوەیە پێوەرەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت کە پێکهاتووە لە (٣٢) برگە، برگە ئەرێنییەکان بریتییبوون لەبرگەکانی(٣٢،٣٠،٢٨،٢٦،٢٤،٢٢،٢٠،١٨،١٦،١٤،١٢،١٠،٨،٦،٤،٢) و برگە نەرێنییەکان بریتییبوون لەبرگەکانی(٣١،٢٩،٢٧،٢٥،٢٣،٢١،١٩،١٧،١٥،١٣،١١،٩،٧،٥،٣،١) وە بەرامبەر هەر برگەیەك لە سێ جێگروە(بەدائل) دانراوە ((بەرادەیەکی زۆر، بەرادەیەکی مامناوەند، بەرادەیەکی کەم)) وە نمرەکانیش بۆ برگە ئەرێنیەکان (١,٢,٣) وە بەپێچەوانەوە بۆ برگە نەرێنیەکان (٣,٢,١) نمرەن، کە نزمترین نمرە (٣٢) نمرەیە و بەرزترین نمرە (٩٦) یە. **پاشکۆی ژمارە (٢٤)**

## ٣-٨ ئامرازە ئامارییەکان Statistical Instrument

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەرهەگبەی ئامار **(SPSS –Version ٣٠)** بەکارهێناوە

# بەشی چوارەم Chapter Four

## ٤- خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان Result Presentation & Analysis

### ٤-١ خستنەڕووی ئەنجامەکان Results Presentation

### ٤-١-١ گریمانەی یەکەم

**گریمانەی یەکەم:** جیاوازی بەڵگداری ئاماری نییە لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندە نمرەی دەستکەوتی خوێندنی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی کە بە (ستراتیجی چیلکەچلوورەییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی دەستکەوتی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بەستراتیجی ئاسایی بە هەمان بابەت وانەیان پێدەوترێتەوە لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانەیە، توێژەر ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی دەستکەوتی خوێندنی خوێندکارانی هەر دوو گروپی توێژینەوە لە بابەتەکۆمەڵایەتییەکاندا دەرهێنا بڕوانە **پاشکۆی ژمارە (٢٥)** بە بەکار هێنانی تاقیکردنەوەی (t. test) بۆ هەر دوو گروپی سەربەخۆ و یەکسان لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماری(SPSS) لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی(t) ئەژمارکراو کە (٢,٨٠٤) نمرەیە گەورەترە لە نرخی خشتەی کە (٢,٠٢٤) بە نمرەی ئازاد (٣٨) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) **بڕوانە خشتەی ژمارە (١٥):**

خشتەی (٨)ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری و بەهای (t. test) ئەژمارکراو و خشتەیی لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن

| گروپ | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی (t) ئەژمارکراو | نرخی (t) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٠ | ٧٣,٠٠ | ١٤,١٦ | ٢,٨٠٤ | ٢,٠٢٤ | ٣٨ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ٦١,١٠ | ١٢,٦٣ | | | | |

به پێی ئەم ئەنجامە، دەردەکەوێت کە جیاوازی مانادراری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێری ئاستی دەستکەوتی خوێندن لە گروپی ئەزموونیی بەراورد بە ئاستی دەستکەوتی خوێندن لە گروپی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونیی دایە، واتە ستراتیژییەتی (چیلکە چلوورەییەکان) کاریگەری هەیە لەبەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندنی خوێندکاران لە بابەتەکۆمەڵایەتییەکاندا بەراورد بە رێگە ئاسایی، بەم ئەنجامەش گریمانەی (سفری) کە تویژەر دانابوو ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بەدیل) پەسەند دەکرێت، واتای هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو گروپ. بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری (چیلکە چلوورەییەکان) لە سەر دەستکەوتی خوێندنی خوێندکاران، هاوکۆلکەی (ئیتاوکۆهین) ($\eta^2$) (d) بەکارهێنرا. دەرکەوت کە نرخی قەبارەی کاریگەری بۆ دەستکەوتی خوێندن بریتیە لە (٠,٨٨٧) بەنمرەی ئازاد (٣٨) کەواتە قەبارەی کاریگەریەکەی (بەهێزە) بڕوانە **خشتەی ژمارە (١٨)**

## ٤-١-٢ خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی دووەم

**گریمانەی دووەم:** جیاوازی بەڵگداری ئاماری نییە لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندە نمرەی دەستکەوتی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی کە بە (ستراتیجی چیلکەچلوورەییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی دەستکەوتی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بەستراتیجی ئاسایی بە هەمان بابەت وانەیان پێدەوترێتەوە لەتاقیکردنەوەی پێشی- و پاشی پاڵنەری فێربوون بۆ بابەتی خوێندن. بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانە، تویژەر ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ بەراورد کردنی جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشی- و پاشی پاڵنەری فێربوون بەرە بابەتەکۆمەڵایەتیەکانی خوێندکارانی هەر دوو گروپی توێژینەوە دەرهێنا کە لە **پاشکۆی ژمارە (٢٦)** بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t. test) بۆ هەر دوو گروپی سەربەخۆ و یەکسان لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماری (SPSS) لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی (t) ئەژمارکراو کە (٥,٧٧٦ ) نمرەیە گەورەترە لەنرخی خشتەی کە (٢,٠٢٤) بەنمرەی ئازادی (٣٨) لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بڕوانە خشتەی ژمارە (١٦).

خشتەی (٩) ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری و بەهای (t. test) ئەژمارکراو و خشتەیی لەتاقیکردنەوەی پێوەری پاڵنەری فێربوون (بۆچوونیان)

| گروپ | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی(t) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٠ | ١٧,٦٠ | ٦,٢٧ | ٥,٧٧٦ | ٢,٠٢٤ | ٣٨ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ٧,٢٠ | ٥,٠٥ | | | | |

بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی مانادراری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێری جیاوازی نمرەکانی پێشی- و پاشی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی بەراورد بە ناوەندە ژمێری نمرەکانی پێشی- و پاشی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دایە، واتە ستراتیژییەتی( ستراتیجی چیلکەچلوورەییەکان) کاریگەری هەیە لە دەستکەوتی خوێندکارانی بەرە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەراورد بە رێگە ئاسایی، بەم ئەنجامەش گریمانەی (سفری) کە تویژەر دانابوو ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بەدیل) پەسەند دەکرێت، واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو گروپ. بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری (ستراتیجی چیلکەچلوورەییەکان) لە پێوەری دەستکەوتی خوێندکاران، هاوکۆلکەی (ئیتاوکۆهین) ($\eta^2$) (d) بەکارهێنرا. دەرکەوت کە نرخی قەبارەی کاریگەری بۆ دەستکەوتی خویندن بریتیە لە (١,٨٢٧) بەنمرەی ئازاد (٣٨) کەواتە قەبارەی کاریگەریەکەی (زۆر بەهێزە) بڕوانە **خشتەی ژمارە(١٨)**

## ٤-٢ شیکردنەوەی ئەنجامەکان

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان کە لە خشتەکان (١٥, ١٦, ١٧) خراوەتەروو دەردەکەوێت گریمانەی (سفری) ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بەدیل) پەسەند دەکرێت، واتە ئەمەش بەو مانایەیە کە لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون بەرەو بابەتەکۆمەڵایەتییەکان هەیە لە نێوان هەر دوو گروپی توێژینەوەکە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی، تویژەر شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ هەردوو گۆڕاو (دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون بەرەو بابەتەکۆمەڵایەتیەکان) کرد بەم شێوەیە:

## ٤-٢-١ شیکردنەوەی ئەنجامەکانی دەستکەوتی خوێندن

سروشتی ستراتیژی ستراتیجی چیلکەچلوورەییەکان ڕۆڵێکی جیاواز دەدات بە خوێندکار لە پرۆسەی فێربووندا **(الاسطل: ٢٠١٠)** وا لە خوێندکار دەکات ببێتە میحوەرێکی سەرەکی خولانەوەی بابەتەکە، چونکە بەشداری باسەکە دەکات و پرسیار دەکات و وەڵام دەداتەوە و هیچ شوێنێکی تێدا نییە بۆ خوێندکار بێ ئاگابێ لە وانەکە، وەك چۆن مامۆستا داوا لە خوێندکارێکی خۆبەخش دەکات لەسەرشێوەی ستراتیجی چیلکەچلوورەییەکان دابنیشێت و لە ناوەند بێت و خوێندکارەکانی تر لە دەورووبەری بن، پاشان هاوکارەکانی پرسیاری ئاراستە دەکەن لە بابەتێکی دیاریکراو ئەویش وەڵامیان دەداتەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی تێگەیشتنی زیاتر وبەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن بەراورد بە ڕێگای ئاسایی، و بەم شێوەیە ستراتیژییەکی کارلێکە وکارایە کە تێیدا خوێندکار چالاکییەکانی قسەکردن و گوێگرتن وخوێندنەوە

جێبەجێدەکات کە یارمەتیدەرن لە ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و تێگەیشتن لە دیدگە جیاوازەکان لەسەر بابەتەکان. هەڵبەتە ئەمەش وایان لێدەکات باوەڕیان بەخۆبێت کاتێک مامۆستا دەیەوێت بەهاو باوەڕێکی دیاریکراو لەنێوانیان دروستبکات و چەندین لێهاتوویی پەرەپێبدات، ئەمەش وا لە خوێندکار دەکات پشت بە خۆیان ببەستن لە دروستکردنی پرسیار و گەڕان بە دوای وەڵامی گونجاو کە دەبێتەهۆی ئاوێتەبوونی خوێندکار لەپرۆسەی فێربوون و بونیادنانی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوانیان بە هۆی ئەو ژینگەیەی کە بەرجەستەکراوە وە مانەوەی ئەو زانیارییانە لە هزریدا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژتر و یادکردنەوەی لە تاقیکردنەوەو داهاتوودا، سەرئەنجام کاردەکاتە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن.

## ٢-٢-٤شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پێوەری گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون بەرەو بابەتەکۆمەڵایەتییەکان

ستراتیجی چیلکەچلوورەییەکان تێروانینی ئەرێنی دروستکرد لە سەر بەهێزکردنی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونیی بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو، لە سەر بنەمای بەشداریی کردنیان بە شێوەیەکی کارا و چالاکانە لە خودی پرۆسەی فێربوون لە ئەنجامدانی چەندین چالاکی وکارامەیی لە ناوپۆلدا، وەپەرە بە لێهاتوویی تواناکانیان دەدات لە بیرکردنەوەو گفتوگۆکردن وە ڕەخساندنی دەرفەت بۆیان بۆ ئەوەی ڕۆڵی مامۆستا بگێرن لە دۆخی فێربووندا، ئەمەش متمانەی زیاتریان پێدەبەخشێت بۆ لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی لە خوێندنەوەو ئاراستەکردنی پرسیار بۆ ئەوەی بە باشی لە بابەتەکە تێبگەن، ئەمانەش دەبێتە هۆی زیادکردنی حەز و مەیل و ئاراستەیان بۆ وانەکە, لەهەمان کاتدا یارمەتیان دەدات کە کارلێك و ئاوێتە لە گەڵ هەموو پێکهاتەی ژینگەی پەروەردەیی بکات بە شێوەیەکی چالاکانەو دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنێت لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوە و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان و ئەنجامدانی کاری هەرەوەزی و کەمکردنەوەی ئاستی دڵەڕاوکێ و شەرمکردن لەبەشداریکردن, سەرئەنجام وا لە خوێندکار دەکات هانی بدات بۆ دروستکردنی جۆرێك لە پەرۆشی و پاڵنەری بۆ فێربوون لە پۆلدا ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی حەزو ئارەزوویان و پەرەپێدانی پاڵنەری فێربوون بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوڕایە لە گەڵ توێژینەوەکانی **(ئەلعە نزی، ٢٠٢٤) و(البياتي: ٢٠٢٢) (عبدولا: ٢٠٢٣ )** کە دەریانخستوە ستراتیژی (ستراتیجی چیلکەچلوورەییەکان) کارایی هەبووە لە سەر دەستکەوتی خوێندن لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونیی.

# بەشی پێنجەم: Chapter Five

## ٥- دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

### ٥-١ دەرئەنجامەکان conclusions

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان و سنوری توێژینەوەکە، توێژەر ئەم دەرئەنجامانە هەڵدەهێنجێنێت:

١- بەکارهێنانی ستراتیجی (چیلکە چلوورەییەکان) لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا کارایی بەرچاوی هەیە، لەمانەوەی دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکاران بۆ بابەتەکە بەراورد بەڕێگای ئاسایی.

٢- ستراتیجی چیلە چلوورەییەکان شێوازێکی نوێی فێرکردنە، هانی خوێندکاران دەدات وکەشێکی پەروەردەیی گونجاو لەپۆلدا دروستدەکات، ئەمەش هۆگری خوێندکاران و پاڵنەری فێربوونیان بۆ بابەتەکە زیاد دەکات.

٣- بەکارهێنانی ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان لەوانە گوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی کاریگەری کاراو بەرچاوی هەیە لەسەر گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون، بەراورد بەڕێگای ئاسایی.

### ٥-٢ ڕاسپاردەکان recommendation

پشت بەست بەئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو:

١- دروستکردنی ژینگەی فێرکاری گونجاو لەقوتابخانەکان لەجێبەجێ کردنی ئەو ستراتیجیانەی کارییان سەلمێنراوە، لەنێویشیاندا ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان لەلایەن پسپۆرانەوە.

٢- ڕێکخستنی خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ مامۆستایان بۆ ئاگادارکردنەوەیان لەستراتیجیەکانی فێربوونی چالاك لەنێویشیاندا ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان و چۆنێتی جێبەجێکردنی لەوانە گوتنەوەدا بۆ سەرجەم بابەتەکان.

٣- پێویستە مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، گرنگی بدەن بە دانانی ستراتیجییەکانی فێربوونی چالاك لەنێویاندا ستراتیجی (چیلکە چلوورەییەکان) لەناو کۆرس بووك و پرۆگرامی ئەو مامۆستایانەی بابەتی ڕێگاکانی وانەگوتنەوە دەڵێنەوە.

### ٥-٣ پێشنیارەکان propositions

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانەی خوارەوە دەکات لەداهاتوودا:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان – جوگرافیا لەسەر هەمان پۆلی بەر توێژی ئەم توێژینەوەیە.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر ستراتیجی چیلکە چلوورەییەکان بۆ بابەتی مێژووی قۆناغی یازدەی ئامادەیی بۆ دیاریکردنی کارایی لەسەر گۆڕاوەکانی تری وەك (گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، ئاراستە) ئارەزووی خوێندکاران بۆ خوێندن.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بە وەرگرتنی جیاوازی ڕەگەزو بابەتی خوێندن.

## سەرچاوەکان:


١-عزیز، کریم احمد، ٢٠١٤، بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، چ١، چاپخانەی نارین، هەولێر – هەرێمی کوردستان.

٢-محمد، هەڵۆ کریم،٢٠٢٢، کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کارتەکراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لە لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٣- سیوەیلی، ادرس محمد محمود، ٢٠١٢، تقییم المهارات التدریسة لدی مدرسي المواد الأجتماعیة في الحلقة الثالثة من التعلیم الاساسي في محافظة السلیمانیة بکردستان العراق، رسالة ماجستیر غیر مشورة، کلیة التربیة، جامعة العینات، لنبات.

٤-رزوق، رعد مهدي,وعاشور، محمد ابراهیم، وعمان، زینب طعمة، (٢٠١٣)، اسالیب تدریس العلوم، ط٢، دار الکتب والوثائق للنشر .

٥- الجبور، صبحی ناجي عبدالله واخرون، ٢٠١١، استراتیجات وطرئق تدرس المواد الاجتماعیة، ط١، دار المکتب الوثائق، بغداد.

٦-عزیز، کریم احمد، ٢٠١٩، پرۆگرامی پەروەدەیی، نارین.

٧-قادر، ڕەمەزان حەمەدمین، ٢٠١٤، ڕێگاو شێوازی تیۆرو پراکتیکیەکانی وانەوتنەوە، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٨- علی، محمد اسید، (٢٠١٠)، موسوعة المصطلحات التربویة علی، ط١، دار المسیرة للنشر والتوزیع، عمان - الأردن .

٩-حمید، حواراء عبد الرزاق، ٢٠٢١، فاعلیة المواد المثلجات في اکتساب المفاهیم النفسیة والفلسفیة لدی طالبات الصف الخامس الأدبي في مادة الفلسفة وعلم النفس ، مجلة علیه التربیة، ٤٢، ٣٧٣، ٣٩٧.

١٠- محمد برکات، ٢٠٠٢، الطرائق المستخدمة في التدریس التعلیم النشط، الریاض ، السعودیة.

١١- سعید، سعاد جبر، ٢٠١٥، الرکاء الأنفصالي وعلم النفس الرتبوی، الطبعة الأولی ، عالم الکتب الحدیث، عمان، الاردن.

١٢- الساعدي، من حیال مصیین، ٢٠٢٠، المعلم الفعال و والستراتیجیات ونماذج ترجم تدریس، ط٢، مکتب الشروق، للطباعة والنشر، دیالی.

١٣- بارتلی، جوزین، ٢٠١٨، استراتیجیات التعلیم والتعلیم الصفی الحدیثة، ترجمة فریال أبو عواد، دار المسیرة الأردن.

١٤- الساعدي، حسن خیال محسن، (٢٠٢٠)، المعلم الفعال واستراتیجیات و نماذج تدریسه، ط٢، مکتب الشروق للطباعة والنشر، دیالی.

١٥- الرابغي، خالد بن محمد بن محمود، ٢٠١٥، عادات العقل و دافعیة الأنجاز، الطبعة الأولی، مزکر دی بونو لتعلم التفکیر، دبي ، الأمارات.

١٦- کریم احمد، ٢٠٢١، ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

١٧- الشمري، ماشی بن محمد، ٢٠١١، ١٠١ استراتیجیة في التعلیم التشط، ط١، المملکة العربیة السعودیة.

١٨- امبو سعیدی، عبدالله بن خمس العونیة، هدی بنت علی، ٢٠١٥، استراتیجیات التعلم النشط ١٨٠ استراتیجیة مع الامثلة التطبیقیقة، ط١، دار المسیرة ، عمان – الأردن.

١٩- عبدالقادر، محمد خالد فایز، ٢٠١٨، أشر توظیف استراتیجیة الروؤس المرقه فی تنمیة مهارات التفکیر البصري في الریاضیات والمیل نحوها لدی طلاب الصف الرابع الاساسي بغذة، رسالة ماجستیر غیر المنشورة، کلیة التربیة، الجامعة الاسامیه غذة.

٢٠- عەدەس، دکتۆر عبدالرحمن، ئەلقیقاتی، دکتۆر یوسف، ٢٠١٣، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی تیۆرو پیادەکردنی سەرەکی، و: سەلام سعدی، چ١.

٢١- رضایی، دکتور اکبر، ١٣٩٦، روان شناس انگیزش در آموزش و پرورش نظریه ها، پژوهش والگوها ، چاپ چهارم، تبریز.

٢٢- البیاتي، حسن عبید جبر، ٢١٦، طرائق تدریس التربیة الفتیة، دار المنهجیه للنشر والتوزیع.

٢٣- الطناوي، عفت مصطفی ٢٠٠٨، التدریس الفصل، ط١، دار المسیرة ، عمان – الاردن.

٢٤- دهقانی، دکتور مرضیه ، باقریان فر، برنامه ریزی درسی، دوره ابتدایی، چ١، سال چاپ ١٣٩٧، چاپ انتشارات دانشگاه تهران.

٢٥- ئەلمەنزی، نبراس کازم حوسین، ٢٠٢٤، کاریگەری ستراتیجێتی داره ساردەمەنییەکان لەسەر دەستکەوت و ئاراستەی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کولێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی بەغداد.

٢٦- عولا، صابر عبدالرحمان، عبدالله، فریدون عبدالرحیم، اثر استخدام استراتیجیة اعواد المثلجات للتعلم النشط في تحصیل طالبات الصف العاشر لمادة التاریخ، ٢٠٢٣، کلیة الأداب قسم الفلسفة، الصلاح الدین – اربیل – کوردستان – عێراق.

٢٧- داود، اثر استراتیجیة کرة الثلج في التحصیل ودافعیة التعلیم الدی طلاب الصف الخامس الأدبي في مادة الجغرافیه، داود، ٢٠٢٢، رسالة ماجستر، کلیة التربیة العلوم الأنسانیة، جامعة الموصل.

٢٨- الراوي، نعمه ابراهم سلطان عبدالله، ٢٠٢٤، اثر استراتیجیة جیکسو في تحصیل طلاب الصف الرابع الأدبي في مادة علم الاجتماع وتنمیة تفکیرهم المستدام، رسالة ماجستیر، غیر المشورة، کلیة التربیة العلم الأنسانیة، جامعة التکریت.

٢٩- منسي، محمد عبد العلیم (٢٠٠٠)، مناهج البحث العلمي في المجالات التربویة والنفسیة، دار المعرفة الجامعیة، جامعة الأسکندریة، جمهوریة المصر العربیة.

٣٠- الجابري، کاظم کریم رضا، ٢٠١١، مناهج البحث في الترجم وعلم النفس، طبعة الأولی، دار النعیم، بغداد.

٣١- الزوبعي بکر، الکناني، عبد الجلیل ابراهیم ومحمد الیاس. وابراهیم عبد المحسن، ١٩٨١، الاختیارات والمقیاس النقسة، ط١، وزاره التعلیم العالي والبحث العلمي، دار الکتب، جامعة الموصل، العراق.

٣٢- الخزجي، سلیم ابراهیم، ٢٠١١، أسالیب معاصرة في تدریس العلوم، ط١، دار أسامة للنشر والتوزیع، عمان.

٣٣- العبیدي ، فائزة احمد جاسم (٢٠٠٦ )، اثر استعمال طریقتي الأستکشاف الموجة والمناقشة الصفیة في التحصیل الدراسي وتنمیة الاتجاة العلمي لدی طلبة الصف الرابع الاعدادیة، رسالة ماجستیر (غیر منشورة)، کلیة التربیة – ابن الرشد، جامعة بغداد.

٣٤- الصیلة، محمد محمود، ١٩٩٩، التصمیم التعلیم (نظریة و ممارسة)، ط١، دار المسیرة للنشر والتوزیع، عمان.

٣٥- عبالرووٴف، المصري، طارق عبدوالبهاب عیسی، ٢٠١٧، المقادیس والاختبارات الصمیم - الاعداد التنظیم ط١، المجموعة العربیة للتدریب والنشر القاهرة، مصر.

٣٦- علام، صلاح الدین محمود، ٢٠٠٠، القیاس والتقویم التربوي والنفسی أساسیاتة وتطبیقاتة وتوجهاته المحاصرة، ط١، دار الفکر العربي، مدینة النصر - القاهرة.

٣٧- الکبیسي، عبدالواحد محمد، ٢٠٠٧، القیاس والتقویم تجدیدات ومناقشات، الطبعة الاولی، دار جریر للنشر والتوزیع، عمان – الاردن.

٣٨- شواهن، خیر سلیمان، (٢٠١٨)، توجیهات حدیثة في القیاس والتقویم التربوي، عالم الکتب الحدیثة، للنشر والتوزیع - عمان – الاردن.

٣٩- الظاهر، ذکریا محمد، جاکلین تعرجات، وجودت عزت عبدالهادی، ١٩٩٩، مبادئ القیاس والتقویم في التربیة، ط١، دار الثقافة، عمان.

٤٠- الشجري، الزهیري، یاسر خلق و حیدر عبدالکریم، ٢٠٢٢، اتجاهات حدیثة في القیاس والتقویم النفسي والتربوي، ط١، مکتبة المجتمع العربي للنشر والتوزیع، عمان – الاردن.

٤١- الخالدي، جلال خلیقة حجي (٢٠٠٦)، اثر برنامج للتفاعل اللفظی لمدرسي التاریخ في تفعیة التفکیر الناقد لدی طلبة الصف الخامس الادبي، أطروحة دکتورة (الغیر منشورة)، کلیة التربیة الجامعة المنتصریة .

٤٢-منسي، محمد عبدالحلیم (٢٠٠٠) : مناهج البحث العلمي في المجالات التربویة والنفسیة، دار المعرفة الجامعیة، جامعة الاسکندریة، جمهوریة المصر العربیة.

٤٣-الجابري، کاظم کریم رضا (٢٠١١) : مناهج البحث في التربیه وعلم النفس، طبعة الاولی، دار النعیمي، بغداد.

٤٤- الخزرجي، سلیم أبراهیم (٢٠١١): أسالیب معاصرة في تدریس العلوم، ط١، دار أسامة للنشر والتوزیع، عمان.

٤٥-العبيدي، فائزة احمد جاسم(٢٠٠٦): اثر استعمال طريقتي الاستكشاف الموجة والمناقشة الصفية في التحصيل الدراسي وتنمية الاتجاة العلمي لدى طلبة الصف الرابع الاعدادية، رسالة ماجستر (غيرمنشوره)، كلية التربية- ابن الرشد، جامعة بغداد.
٤٦-الظاهر، زكريا محمد، جاكلين تمرجيان، و جودت عزت عبدالهادي (١٩٩٩): مبادئ القياس والتقويم في التربية، ط١، دار الثقافة، عمان.
٤٧-عبد الرؤوف، المصري، طارق عبد و ايهاب عيسى(٢٠١٧): المقاييس والاختبارات - الصميم – الاعداد التنظيم، ط١، المجموعة العربية للتدريب والنشر القاهرة، مصر.
٤٨-الباوي، عباس عبد على عبود (١٩٩٧): اثر التدريس باستخدام بعض التقنيات التربوية في تنمية الاتجاهات العلمية للطلبة - المعلمين نحو مادة الجغرافية، رساله ماجستر(غيرمنشورة) كلية التربية - ابن رشد، جامعة بغداد.
٤٩-مجيد، سوسن شاكر(٢٠١٤): أسس بناء الاختبارات والمقايس النفسية والتربوية، الطبعة الثالثة، مركز ديبونو لتعليم التفكير، عمان- الاردن
٥٠-العاشقي، علياء صباح جاسم (٢٠١٠): أثر أنموذج كارين في اكتساب المفاهيم الجغرافية واستبقائها لدى طالبات الصف الرابع الادبي، رسالةماجستر(غيرمنشوره)، كلية التربية الاساسية، الجامعة المستنصرية.
٥١-الريماوي، عمر طالب (٢٠١٧): بناء وتصميم الاختبارات والمقايس النفسية والتربوية، ط١، دار امجد للنشر والتوزيع، عمان.
٥٢-عودة، احمد سليمان (٢٠٠٢): القياس والتقويم في العملية التدريسية، ط٢، دار الامل، عمان.
٥٣-الفقي، عبد الاه أبراهيم (٢٠١٤): الاحصاء التطبيقي باستخدام برنامجSPSS ، ط١، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان – الاردن
٥٤-بدر، عماد، سالم عيسى و غضاب عبابنة (٢٠٠٧): مبادى الاحصاء الوصفي ولاستدلالي، ط٢، دار المسيرة الاردن – عمان.
٥٥-النور، احمد يعقوب (٢٠٠٧): القياس والتقويم في التربية و علم النفس، ط١، دار الجنادرية للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.
٥٦-الوكيل، المفتي، حلمي أحمد و محمد أمين (٢٠٠٧): أسس بناء المناهج وتنظيماتها، ط ٢، مطبعة احسان، القاهرة – مصر.
٥٧-عوض، محمد، عدنان محمد و صبحي ابو صالح (٢٠١٨): مقدمة الاحصاء مبادئ وتحليل باستخدام( SPSS) ،ط١، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.
٥٨-الهويدي، زيد(٢٠١٥ ): أساسيات القياس والتقويم التربوي، ط١، دار الكتاب الجامعي، العين – الامارات العربية المتحدة.
٥٩-ملحم، سامى محمد محمود( ٢٠٠٠): القياس والتقويم في التربية وعلم النفس، الطبعة الاولى، دار المسيرة، عمان – الاردن.
٦٠- النعيمي و اخرون، ٢٠١٥، طريق ومناهج، ب.ط، ابن عموش، عمان، الاردن.
٦١-نوفل، محمد بكر ابو عواد، فريال محمد، ٢٠٠٩، تفكير وبحث العلمي، طبع الاولى، دار الميسرة، عمان.
٦٢-ريان,سوزان خليل محمد(٢٠١٠): فعالية استخدام استراتيجية فيجوتسكى في تدريس الرياضيات و بقاء اثر التعليم لدى طالبات الصف السادس بغزة, رسالة ماجستير المنشورة, قسم المنهاج و وطريق التدريس , كلية التربية, الجاميعة الاسلامية, غزة.
٦٣-المنيزل , عبدالله فلاح, غرابية , عايش موسى (بدون سنة) : الاحصاء التربوى تطبيقات باستخدام الرزم الاحصائية للعلوم الاجتماعية, بدون طبع , دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.
٦٤-Kiss، H. O.(١٩٩٦): Statistical concepts for Behavioral science .london Sidney Toronto Allyn and Bacon.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/١٠,٢٤٢٧١/ARAN.٢٠٢٥,٠١-٠١-٢١

# The Effectiveness of Using Popsicles Strategy on the Achievement of Eighth Graders and the attitude towards Social Science Subject.

## (A revision of a flawed thesis in the master's letter)

Saman karim hamasalh[١], karim Ahmad Aziz[٢], Ahmad muhamad nasr[٣]

١) Department of Social Sciences, College of Basic Education, Garmian University, Kurdistan Region, Iraq
٢) Department of Kindergarten, College of Basic Education, University of Garmian, Kurdistan Region – Iraq
٣) Department of History, College of Education, University of Garmian, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | June, ٢٠٢٥ |
| Accepted | July, ٢٠٢٥ |
| Published: | June, ٢٠٢٥ |

**Keywords**

Effectiveness
The Popsicles stick strategy
Academic achievement
Learning motivation

**Corresponding Author**

Samanjaff٢٢٢@gmail.com
Karem.ahmad@garmian.edu.Krd
Ahmed.nsir@garmian.edu.Krd

**Abstract:**

The research aimed to identify the effectiveness of using the Popsicles strategy on the achievement of eighth graders and the attitude towards the social science subject. This study examines the effectiveness of a specific instructional strategy on the academic achievement and learning motivation of eighth-grade students in social subjects. The researcher conducted a semi-experimental study by dividing the sample into two balanced groups: an experimental group ( ٢١students) and a control group ( ٢٢students). The researcher taught the experimental group a unique strategy, while the control group received conventional instruction. To ensure a representative sample, pre-tests and post-tests evaluated variations in learning motivation and academic achievement, and the research community selected basic information schools for participation. The study focused on three chapters from the social subject's textbook, leading to the formulation of ١٣٢learning objectives categorized under Bloom's cognitive domains: recognition, understanding, practice, and analysis. Instructional plans were developed accordingly, and a learning achievement test was created with ٣٠items of multiple-choice and open-ended questions. Experts also designed and validated a ٣٢-item motivation scale. Cher used statistical methods, including repeated testing and the T-test, to analyses the data using SPSS ٣٠. Results indicated a statistically significant difference between the experimental and control groups concerning learning motivation in social subjects. Similarly, students in the experimental group demonstrated superior academic achievement compared to their counterparts in the control group. The experimental group's instructional strategy effectively improves student motivation and academic performance in social subjects, according to the evidence.